بسم الله الرحمن الرحيم

## پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٣٢ ) :



| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | خۆشویستنی برای موسڵمان لەبەر خوا | سەرنوسەر |
| ٣ | واتا و مەرجەکانی ( لا إله إلا الله ) | إدريس محمود |
| ٥ | وێنـەی ڕاستەقینەی دونـــیا | پشتیوان حسن |
| ٦ | ناڕەحەتی پرۆسەی هاوسەرگیری | ئا / زانست |
| ٧ | زیانەکانی فلیمە دۆبلاژکراوەکان | ئەڤین محمد |
| ٨ | ببە بە کلیلی خێر و چاکە | کاوە فلاّمەرز |
| ٩ | بەراوردێك لەنێوان شارستانیەتی ئیسلامی ومێژووی ئەوروپادا | پشتیوان محمد |
| ١٠ | چەند ئامۆژگارییەك بۆ ئەوکەسانەی کەوا دەیانەوێت تەوبە بکەن | محمد نجم صالح |
| ١٢ | گەلـۆ.. کوردایەتی بۆ هەمووان | جیهاد قادر |
| ١٣ | بریا دایکم منی هەر نەبووایە | ئا / زانست |
| ١٤ | تەبەڕوك | سامان جبرئيل |
| ١٦ | ئاگادارکردنەوەیەکی خوشکان | ڕێناس محمد |
| ١٧ | سەرکەوتنی ڕاستەقینە کامەیە؟ | ئا / زانست |
| ١٩ | دڵت هۆگری چی یە ؟ | محمد عبدالله |
| ٢٠ | ئایا سوڕەتی (الفاتحة) بۆ زیندووە یان بۆ مردووە؟ | ئادەم عوسمان |
| ٢٢ | پرسیار و وەڵامی شەرعی | مامۆستا خليل أحمد |
| ٢٤ | درر من أقوال السلف في طلب العلم | شبكة الإمام الآجري |



**تێبینـــی** : بـۆ ئـەو فێرخـوازە ئازیزانـەی کـە دەیانـەوێت بابـــەتیان بڵاوبێتـــەوە ، زانـــست ئـــەو دەرفەتـــەیان بـــۆ دەڕەخـــسێنێت ، بـــەڵام بابەتـــەکانیان بـــەپێی مـــەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە نـاوی سەرچـاوە بکرێـت ... ٣ . تـا دەتوانرێـت کـورت و پـوختکراو بێـت ... ٤ . ئامادەکـار نـاوی خـۆی و کۆلێـژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت . ٦ . ئەگەر بابەتەکە فەرمودەی تیا بوو پێویستە (تحقيق) و(تخريج)کرا بێت .

بـە ڕەخنـە و پێـشنیارەکانتان بڵاوکراوەکـەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .


بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :

**عدنان بارام . دەرچووی عەرەبی . صلاح الدين .**

**دەستەی نووسەران :**

**جیهاد قادر**/ فێرخوازی ماستەر – ز . قاهیرە

**بلال جلال** / دراساتی ئیسلامی

**هێمن عبدالكريم** / دەرچووی کۆمپیوتەری هەولێر.

**پشتیوان حسن** /دەرچووی ز.ئینگلیزی ، سلێمانی

تیراژ : ٥٠٠٠ دانە

# نێردراوانی خوا وشەهیدانیش ئاواتی پلەوپایە وپاداشتی کەسانێکن کە لەبەر دەستگرتن شوێنکەوتنی بەبەرنامەکەی خوای پەروەردگار یەکتریان خۆش دەوێت

لە ( عمر ) ـی کوڕی ( الخطاب ) ـەوە رضي الله عنه ، و ئەویش لە پەیامبەری خواوە ﷺ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی :

(( إنَّ مِنْ عباد الله لأناساً ما هم بأنبياءَ ولا شهداءَ يغبطهم الأنبياءُ والشهداءُ يوم القيامة بمكانهم من الله ـ تعالى ـ . قالوا : يا رسول الله تخبرنا من هم ؟ لعلنا نُحِبُّهم ، قال : هم قوم تَحابوا بروح الله [ وفي رواية : بنور الله ] من غير أرحامٍ ولا أنسابٍ بينهم ولا أموالٍ يَتعاطونها ، فواللهِ إنَّ وجوهَهم لَنورٌ وإنَّهم على منابر من نور ، لا يَخافون إذا خاف الناسُ ولا يَحزنون إذا حزن الناس ، ثُمَّ قرأ هذه الآية :

﴿ أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴾ ( يونس : ٦٢ )) ( صحيح سنن أبي داود برقم : ٣٥٢٧ ، وصحيح الترغيب والترهيب برقم : ٣٠٢٦ ، وحديث رقم : ٣٠٢٣ ، عن أبي هريرة رضي الله عنه ) .

**واتە : لە ناو بەندەکانی خوادا خەڵکانێك هەن لە پەیامبەران وشەهیدانیش نین ، بەڵام پەیامبەران وشەهیدانیش ئاواتی پلەوپایە وپاداشتیان دەخوازن لە ڕۆژی قیامەتدا لە بەر ئەو پلەوپایە بەرزەی هەیانە لای خوای پەورەردگار . هاوەڵانیش ووتیان : ئەی پەیامبەری خوا ﷺ هەواڵمان نادەیتێ ئەوانە کێن ، بەڵکو خۆشیانمان بوێت ؟ پەیامبەریش ﷺ فەرمووی : ئەوانە خەڵکانێکن یەکتریان خۆشدەوێت بە هۆی دەستگرتن و شوێنکەوتنیان بۆ قورئان و بەرنامەکەی خوا بێ ئەوەی هیچ خزمایەتیەکیان لە نێواندا هەبێت لەدایك و باوکەوە ، و نەش لەبەر پارە وپوڵێکە کە بە یەکتری دەبەخشن . پاشان پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : سوێند بێت بەخوا ئەوانە نور بە ڕوومەتیانەوەیە و لە سەر مینبەری نورینن ، ترسیان نیە لە کاتێکدا کە خەڵك دەترسێت ، و خەمباریش نین لە کاتێکدا کە خەڵك خەمبارن ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە :**

﴿ أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴾ .

**واتە : ئەولیا و دۆستانی خوای پەروەردگار نە ترسیان لەسەرە و نەش خەم دەخۆن .**

### هەندێك لە سوودەکانی فەرموودەکە :

**١ ـ پتەوترین پەیوەندی لەکۆمەڵگای ئیسلامی و موسڵمانان ئەو پەیوەندیەیە کە لەبەر شوێنکەوتن ودەستگرتن بێت بە بەرنامەکەی خوای پەروەردگارەوە .**

**٢ ـ یەکتر خۆشویستن لەبەر شوێنکەوتن ودەستگرتن بە بەرنامەکەی خوای پەروەردگار ، یەکێکە لەو کردارانەی کە پاداشتی گەورەیان لەڕۆژی دواییدا هەیە .**

**٣ ـ یەکتر خۆشویستن لەبەر شوێنکەوتن ودەستگرتن بە بەرنامەکەی خوای پەروەردگار ، سیفەت و ڕەشتی ئەولیا وپیاوچاکانی خوای پەروەردگارە .**

**سەرنووسەر**

# واتا و مەرجەکانی ( لا إله إلا الله )[١]

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله ، وبعد :

هاوبەش بڕیاردەرەکانی سەردەمی پێغەمبەری خوا – صلى الله عليه وسلم – لە مانا و مەبەستی ( لا إله إلا الله ) تێگەیشتبوون بۆیە ئامادە نەبوون بیڵێن و ملکەچ بن بۆ واتاکەی ، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ زۆرێك لە موسڵمانان ئەو مانا و واتایە نازانن ، جا پێمان خۆشە تیشکێك بخەینە سەر واتاکەی پاشانیش مەرجەکانی ، خوای گەورە بیکاتە مایەی سود و قازانج بۆ هەمووومان ، آمین .

(لا إله إلا الله) بەکورتی واتە : هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە – الله – .

لە واقیعدا زۆرێك لە خەڵکی هەن پەرستراوی تر دەپەرستن وەکو پێغەمبەر یان شێخ یان پیاوچاك یان دار یان بت یان ... هتد ، ئەگەر تەماشای ئەو پەرستراوانە بکەیت دەبینیت دروستکراون وە زیان و قازانج و ژیان و مردنیان بەدەست نیە ، مادەم پەرستراوێکیش ئەمە حاڵی بێت ئەوە شایستەی ئەوە نیە بپەرسترێت و عیبادەتی بۆ ئەنجام بدرێت .

بشزانە لە شەرعدا جیاوازی نەکراوە کەسێك پێغەمبەرێك بپەرستێت لەگەڵ کەسێك بت بپەرستێت چونکە هەردوکی هاوبەش بڕیاردانە و کوفرە و مرۆڤ لە دین دەباتە دەرەوە .

جا کە زانیت ئەو شتانەی جگە لە خوا دەپەرسترێن شایستەی پەرستن نین ئەو کات بیرێك لە دەسەڵاتی خوا بکەرەوە – جل جلاله – کە دروستکاری هەموو شتێکە ، بەخشەری هەموو نیعمەتێکە ، ژێنەری هەموو زیندەوەرێکە ، مرێنەری هەموو خاوەن نەفسێکە ، ئەوسا بۆت دەردەکەوێت هەر – الله –یە شایستە بێت بۆ پەرستن و عیبادەت بۆ ئەنجامدان .

کەواتە کەوتت (لا إله إلا الله) دەبێ پەرستنی هەموو پەرستراوێکی جگە لە خوا واز لێ بهێنیت وە تەنها – الله – بپەرستیت .

پەرستنیش ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆهەموو وتە و کردەوەیەکی ناوەکی و دەرەکی کە خوا پێی خۆش بێت و پێی ڕازی بێت ( وەکو ابن تيمية فەرموویەتی ) .

کەواتە : هەر کردەوەیەك ئەنجام بدەیت بەدڵ وەکو خۆشەویستی و پشت پێبەستن و ... وە هەر کردەوەیەکیش بە ئەندامەکانی لاشەت ئەنجامی بدەیت وەکو نوێژ و ڕۆژو و پاڕانەوە و پەناگرتن و داوای کۆمەکی کردن و ... عیبادەتە و دەبێت تەنها بۆ خوا ئەنجامی بدەیت ، ئەگەر یەك جۆر لەو جۆرانەی عیبادەت بۆ جگە لە خوا ئەنجام بدەیت ئەوە شیرکت کردووە – خوا پەنامان بدات – .

کە مانای (لا إله إلا الله)ت لەم چەند دێڕەی سەرەوە بۆ ڕوون بوویەوە ئەوکات نهێنی ئەوەت بۆ دەردەکەوێت بۆچی هاوبەش بڕیاردەرەکان سڵیان لەم وشەیە دەکردەوە و دەیانوت :

﴿ أَجَعَلَ ٱلْءَالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ ﴿٥﴾ ﴾(ص)

واتە : ئەرێ هەموو خواکانی کردووەتە یەك خوا؟! بە ڕاستی ئەمە شتێکی سەیرو سەمەرەیە !

هاوبەش بڕیاردەرەکان دەیانزانی بە وتنی ئەو وشەیە دەبێت واز لە بتپەرستی بهێنن و کۆتایی بەو

[١] بۆ نوسینی ئەم بابەتە سوودم لە کتێبی ( شرح الواجبات المتحتمات – إبراهيم الخريصي ) وەرگرتووە .

بیروباوەڕە پووچانە بهێنن کە ساڵانێکی زۆر بوو باوباپیرانیان لەسەری بوون بۆیە سەرسەختانە دژایەتیان دەکرد و خوێنی خۆیان لەسەر ڕشت تا گەیشتن بە دۆزەخ ، نەفرینی خوایان لەسەر بێت .

**مەرجەکانی (لا إله إلا الله)**

١ . زانینی واتاکەی ( العلم بمعناها ) :

دەبێت واتاکەی بزانیت بەو شێوەیەی کە لە پێشەوە باسمان کرد .

٢ . دڵنیایی ( الیقین ) :

دڵنیا بیت و گومانت نەبێت لەوەی پەرستنی جگە لە خوا باتڵ و پووچە و تەنها – الله – پەرستی هەق و ڕاستە .

٣ . ئیخلاص :

دەبێت هەموو جۆرەکانی پەرستن بە پاك و پوختی بۆ خوا ئەنجام بدەیت و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەیت .

٤ . ڕاستگۆیی ( الصدق ) :

دەبێت لە دڵەوە باوەڕت هەبێت بەم وشەیە و بەزمانیش دەری ببڕیت بە پێچەوانەی دووڕووەکانەوە کە بە زمان دەیانوت و لە ناخەوە باوەڕیان پێی نەبوو .

٥ . خۆشەویستی ( المحبة ) :

دەبێت خۆشەویستیت بۆ ئەم وشەیە و سەرجەم ئەو شتانە هەبێت کە ئەم وشەیە داخوازی دەکات ، بە کورتی : ئەوەت خۆش بوێت کە خوا خۆشی دەوێت وە ڕقیشت لەوە بێت کە خوا ڕقی لێیەتی .

٦ . ملکەچی ( الانقیاد ) :

دەبێت ملکەچ بیت بۆ هەموو ئەو شتانەی کە ئەم وشەیە داخوازی دەکات لە سەرووی هەمووشیانەوە وازهێنان لە پەرستنی غەیری خوا و پەرستنی الله بەتەنها .

٧ . وەرگرتن ( القبول ) :

پێویستە واتا و داخوازیەکانی ئەم وشەیە وەربگریت و قبوڵی بکەیت و لە دڵ و ئەندامەکانتدا ڕەنگ بداتەوە .

لە کۆتاییدا : پێویستە بزانیت ئەو پاداشتانەی لە ئیسلامدا هاتووە دەربارەی – **لا إله إلا الله** – بۆ ئەو کەسانەیە کە لە مانا و مەبەستەکەی گەیشتوون و بە کردەوە جێبەجێیان کردووە نەك بۆ ئەو کەسانەی کە بە زمان دەیڵێن بەڵام کردەوەکانیان بە پێچەوانەی ئەو وشەوەیە .

پەروەردگارا داوات لێدەکەین لەگەڵ یەکتاپەرستاندا حەشرمان بکەیت و بە بێ سزا بە بەهەشتمان شاد بکەیت ، آمین .

وصلی الله علی محمد وعلی آل محمد

**إدریس محمود / دەرچووی یاسا**

**پێشەوا (ابن تیمیة) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێت :**

**هەرگیز بیدعە چییەك نابینیت ئیللا ئاواتە خوازی شاردنەوەی ئەو دەقانە دەکات کە لە گەڵ حەز و ئارەزووی ئەودا یەکناگرنەوە و ڕقی ئەبێتەوە لە دەرکەوتنی و باس لێوەکردن و گێڕانەوەی ئەو دەقانە و ئەو کەسانەش کە گرنگی پێ دەدەن و دەیخەنە ڕوو .**

(مجموع الفتاوی)

## وێنــــەی ڕاستەقینەی دونــــــــیا

الحمدُ للهِ ربِّ العالمين والصلاةُ والسلامُ على رسولِ اللهِ الصادق الأمين المبعوثِ رَحمةً لِلعالمين، أما بعد:

خوێنەری بەڕێز: ئەم ژیانەی کە من و تۆی تێدا دەژین، بریتی نیە لە ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوە بەشێوەیەك کە پێوەی پەیوەست ببین و پشتی پێ ببەستین و دڵی پێ خۆش بکەین، بەڵکو ئەم ژیانە تەنها قۆناغێکە لەو قۆناغانەی کە هەموو مرۆڤێکی پێدا تێپەڕدەبێت – بە من وتۆشەوە- ئەو قۆناغانەش بریتین لە :

أ- عەدەم (واتە قۆناغی نەبوون بۆنموونە ئێمە لەپێش سەد ساڵەوە نەبوو نەبووین وخوای گەورە ئێمەی هێناوە سەر ئەم زەمین وژیانە وئێستاش چەندینی تر لەو قۆناغەدان کە بەردەوام دێنە ژیانەوە).

ب- ژیانی دونیا ( ئەم ژیانەیە کە ئێستا ئێمەی تێدا دەژین و بۆ خواپەرستی هاتووینەتە ناوی).

ج- ژیانی بەرزەخ ( واتە ژیانی ناوگۆڕ کەلەپاش کۆتایی هاتنی ئەم ژیانی دونیایە ڕاستەوخۆ دەست پێدەکات و ئێستا چەندین کەس لەو ژیانەدان).

د- ژیانی نەبڕاوەی بەهەشت یان دۆزەخ.

بەڕێزان ئەوەی شایەنی باسە لێرەدا ئومێدەوارم لە پەیامەکەم تێگەیشتبن ئەوەیە کە بزانین ئێمە ئێستا لە چ قۆناغێکی ژیانداین و چ قۆناغێکمان بڕیوەو چەند قۆناغیشمان ماوە بۆ ئەوەی بگەینە ژیانی تەواوەتی کە بۆی دروستکراوین کە بریتیە لە ژیانی ئەو دونیاو چێژوەرگرتن لە خۆشی ونازو نیعمەتەکانی إن شا ءالله، وە ئەو خاڵەی کە دەمەوێت لەسەر پیتی دانێم لێرەدا ئەوەیە کە با من وتۆش بەم ژیانی کاتی دونیایە هەڵنەخەڵەتێین و فریونەخۆین و دوارۆژمان لەبیرنەباتەوە ئەمە لەکاتێکدا ئێمە هەربەسروشت بەرەو مردن ودوارۆژ دەڕۆین کە دەبوو ڕوومان لێی بێت (چونکە مرۆڤ بەرەو هەر جێگایەك بڕوات ڕووی تێ دەکات) کەچی بەوشێوەیە نیەو پشتمان لێی کردووە و لەسروشتی خۆمان هەڵگەڕاوینەتەوەو خۆشی وحەزو ئارەزووەکانی دونیا فریوی داوین وچاوبەستی کردووین بەشێوەیەك مەگەر هەر ڕۆژی قیامەت، قیامەت بێتەوە بیرمان.

بەداخەوە لێرەو لەوێ دەبینی کە ئەم گیرۆدەی ئارەزووی جنسی بووەو لەزانکۆو پەیمانگاو خوێندنگاکاندا هەموو دونیای لێ بووەتە شەهوەت، ئەو گیرۆدەی پارەومادده بووەو ژیانی لێ بووەتە پارەوسامان وتەماح هتد.... ئەمەش بەدڵنیاییەوە یان لەبەر ئەوەیە کە ئیمانمان لاوازەو زۆر پەیوەست نین بە دینەکەی خۆمانەوە بۆ ئەوەی یادی مردن و قەبرو قیامەت بکەینەوە وکاری چاکە بکەین یاخود دونیامان لابووەتە لانکەی هەمیشەیی و پاڵمان لێ داوەتەوە وەکو بڵێی نامرین و وێنەی ڕاستەقینەی ژیانی دونیامان لا وون بووەو یان هەرنایزانین و خۆمانی لێ تێ ناگەیەنین بۆ ئەوەی ئالوودەی نەبین، خۆزگا دەرفەت هەبووایە چەند نموونەیەکتان بۆ باس بکەم لە قورئانە شیرینەکەی خوای گەورەدا کە چۆن باسی دونیامان بۆ دەکات ئەوجا باشتر دەتانزانی حەقیقەتی ئەم ژیانە چۆنەو لەپێناوی چیدا ئێمە لێرەین، خوازیارم ئێستا ڕوون بووبێتەوە لاتان مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆچی بووە.

پیاوچاکان فەرموویانە چێژو خۆشیەکانی ئەم دونیایە لەدڵدا وەکو تام وچێژی خواردن وایە لە گەدەدا، بۆیە

لەکاتی مردندا مرۆڤ هەست بەپەشیمانی وناڕەحەتی دەکات بۆ ئەو هەموو خۆشی نازو نیعمەتە حەرامەی کە کە لەزەتی لیَ وەرگرتبوو لە دونیادا وەکو چۆن خواردنێکی خۆش دوای هەرس بوونی لە گەدەدا دەبێتە چی وبۆ کویَ دەڕوات؟ بۆیە خواردن هەتا چەورترو بەلەزەتتر و خۆشتربێت ئەوا پاشەڕۆکەشی قیزەونترو بۆگەنترە، بەو شێوەیە هەتا شەهوەت لە ناخ ودەروونـدا بەهێزترو خۆشتربێت ئەوا ناڕەحەتی وپەشیمانیەکەی سەرەمەرگی ناخۆشترو سەختتر دەبێت.

هەندیَ لەپێشینان وتوویەتی بە هاوەڵەکەی: وەرن با پێکەوە بڕۆین دونیاتان پیشان بدەم، بردوونی بۆ سەر زبڵکوان (سرکەوان) و پێی وتوون: تەماشای بەروبووم ومریشکە برژاو و هەنگوین و خواردنە خۆشەکانی مرۆڤ بکەن !!!!

ئازیزان.... ئەو چارەنووسەی بۆی دەڕۆین هەموومان هاوبەشین تێیدا و بۆ یەك داهاتوویش بەڕێوەین و هەموویشمان دەبێت بەم ژیانی دونیایەدا تێپەڕببین، بەڵام ئەوەی جیامان دەکاتەوە تەنها کردەوەکانمانن، ﴿فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ﴾ (الشورى :٧)واتە دەستەو تاقمێك لەبەهەشتن ودەستەو تاقمێکی تر لە دۆزەخ.

دەبا پێکەوە بیرێك بکەینەوەو ئەم ساتەوەختەی کە ئەم دێڕانە دەخوێنیتەوە ببێتە خاڵی وەرچەرخان لە تەمەنتدا و ناوبانگ و پارەو پۆست وبڕوانامە و زانکۆ وپەیمانگا و دۆستی خراپ سوودێکمان پیَ ناگەیەنن، تەماشایەکی گۆڕستانەکان بکەن ئەوجا باشتر ولەنزیکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پڕن لەکەسانێك کە پێیان وابوو ژیان بەبیَ ئەوان ناڕوات !!!

**پشتیوان حەسەن کەرەم / دەرچووی ئینگلیزی**

## ناڕەحەتی پرۆسەی هاوسەرگیری

لە کاتێکدا کە لاوان لە کۆمەڵگایەکدا دەژین، پڕە لە وروژێنەری ئارەزووەکان، و دەیانەویَ خۆیان لە تاوان بپارێزن، و ئافرەتێکی چاك بکەن بە هاوسەری خۆیان، بۆ ئەوەی باری گرانی سەرشانیان کەمێك سووك بکات، کەچی سەیردەکەی مارەیی و تێچوونی پرۆسەی هاوسەرگیری زۆر زۆرە، و ڕەچاوی باری دارایی لاوان ناکرێت.

بۆیە هەندێك لە لاوان تووشی نائومێدی دەبن و پەنا دەبەنە بەر ڕەوشتە نزم و خراپەکان، و هەندێکیشیان ئارام دەگرن، و بە هیوای ئەوەن خوای گەورە کارەکەیان بۆ ئاسان بکات.

چارەسەر: پێویستە لە سەر ئەو لاوانەی کە توانای ژنهێنانیان نیە پەنا بۆ ئەو چارەسەرە ببەن کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بۆی داناون، و فەرموویەتی : " يا معشر الشباب، من استطاع منكم الباءة فليتزوج فإنه أغض للبصر، و أحصن للفرج، و من لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء " [متفق عليه] .

واتە: ئەی کۆمەڵی لاوان هەر یەکێك لە ئێوە توانای ژن هێنانی هەبوو با ژن بهێنێت، چونکە زیاتر چاو دەپارێزێت لە بینینی ناڕەوا، و پارێزەریشە لە کەوتنە داوێن پیسیەوە، ئەوەش توانای ژن هێنانی نەبوو، با پەنا بەرێتە بەر ڕۆژوو گرتن، چونکە ڕۆژوو پارێزەرە بۆی.

هەروەها پێویستە لە سەر لاو پەنا ببات بۆ کاری چاکە و حەڵاڵ، و پشت نە بەستێت بە کەسانی تر، چونکە باشترین ڕزق و ڕۆزیەك ئەوەیە کە مرۆڤ بە ئارەقی نێوچاوانی خۆی بەدەستی بهێنێت.

**ئا / زانست**

## زیانەکانی فلیمە دۆبلاژکراوەکان

بەشی یەکەم

هۆکارێکی زۆر گرنگ وای لێکردم ئەم بابەتە بنوسم ئەوەش پەیوەست بوون و ئالودەبوونی زۆرێکە لەخەڵك ، و ژیانیان پڕ بووە لەو فلیمانە ، یەکێك لەو دەردانەی کە بەڕاستی حەقی خۆیەتی ناوی بنێین دەرد کە بڵاوبووەتەوە لە ناو ئومەتی ئیسلامیدا کە پێویستی بە چارەسەر و دەرمانە ، وە بەدەستیەوە دەناڵێنین و بۆتە فیتنەیەك و چوەتە هەموو ماڵێکەوە ، مەسەلەی ئەو فلیمە دۆبلاژکراوەنەیە کە وەریئەگێڕنە سەر زمانی کوردی و خەڵکێکی زۆری پێوە سەرقاڵ ئەکەن ، دایك و باوك و هەموو ئەندامانی خێزانەکە بە دیاریەوە دائەنیشن و تەماشای ئەکەن ، گەر ئەڵقەیەکیان لە دەست بچێ وا ئەزانن زیانێکی زۆریان کردووە ، بۆیە لێرەدا بەپشتیوانی خوای گەورە هەندێ لەو زیانانە باس ئەکەین ، ئەوانیش :

١- لاواز بوونی عەقیدە و بیرو ڕا : تەماشا دەکەین زۆربەی زۆری ئەوانەی کە خویان بەو فلیمانەوە گرتووە هیچ لەبارەی عەقیدەو بیروباوەڕی ئیسلامی نازانن ، چونکە زۆربەی ئەو فلیمانە شیرکیان تێدایە چ لەڕووی هاوارپێکردنەوە بێت یاخود پەناپێگرتن ، یان پەرستش و کڕنوش و سوژدە بردن ، هەموو ئەمانە بوونیان هەیە لەزۆربەی ئەو فلیمانە ،کەچی دەبینین زۆربەی ئەو شتانەی کە دەبینرێن لەواقیعیشدا دەیخەنە بەر کارو ئەنجامی دەدەن ، بۆیە هەموو ئەو فلیمانە کاتی مرۆڤ ناهێڵن و دووریشیان دەخەنەوە لەشارەزابوون لەبیروباوەڕی ئیسلامەتی .

٢- لەدەستدانی تەمەن و بەفیڕۆچوونی کات : ئەو تەمەنەی کە هەمانە دیاری خوایە وە پێویستە لە سەرمان بە چاکی و باشی بە ڕێی بکەین ، ئەم فلیمانە ئەبێتە هۆی لە دەست چوونی کاتێکی زۆر بەبێ ئەوەی سودی هەبێت بۆ دونیا و قیامەتت ، و تەمەنت لە شتێکدا بەفیڕۆ ئەدەی کە هیچ چاکەیەکت دەست گیر نابێت جگە لەتاوان ، هەروەها هەندێ کەس هەیە ئەڵێت کاتی پێ بەسەر ئەبەین پێم سەیرە کەوا ئەڵێن ، نازانم ئێمە ئەوەندە کاتمان زۆرە کە بەشتی لەم جۆرە بەسەری ببەین یان شتی لەمە گرنگ تر و بەسوود تر نیە کە خۆمانی پێوە سەرقاڵ بکەین ؟؟؟ کەسی وامان هەیە لەسەعات حەوتی شەوەوە تا دوازدەی شەو تەماشای فلیم ئەکات ، فلیم لە دوای فلیم ، باشە ئەی کوا کات بە عیبادەت و خوا پەرستی ؟؟ کوا دوور کەوتنەوە و خۆ پارێزی لە گوناه و سەرپێچی ؟؟ کوا خەمی سەر خستنی ئەم دینە؟؟ کوا کاتی دانیشتن و کۆبونەوەی خێزانەکان لە دەوری یەکتری؟؟ ئامادەیە بە دیار سەد ئەڵقەوە دابنیشێت کە خاڵی و بەتاڵە لە ناوی خوا گەورە و قورئانەکەی ، بەڵام ئامادەی تێدا نیە نیو سەعات یان دە دەقە گوێ لە قورئان یان وتارێك یان ئامۆژگاریەك بگرێت تاوەکو ببێتە هۆی پاك کردنەوەی دڵە ژەنگ گرتووەکانمان و ڕوحمان ئاسودە بکات و خەم و ناڕەحەتیەکانمان بڕەوێنێتەوە ، بەم حاڵەشمانەوە ئەمانەوێت بە چەند نوێژ و ڕۆژوویەکی کەم بەهەشت بە دەست بهێنین ، بەڵام بەهەشت هەوڵدان و ماندوو بوونی زۆری ئەوێ بە ئاسانی بەدەست نایەت.

٣- هاندان بۆ خراپەکاری و ئاسانی کردنی گوناه : گوناه دڵ ئەمرێنێ ، و دەبێتە هۆی ڕەقبوونی دڵ ، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لەو زیانانە دەبینین تاوان لای موسوڵمانان ئاسان دەکات و وەهای لێ دەکات کە

ئەوەی لەو فلیمانە دەبینێت ئەمیش دێت لاسایی دەکاتەوەو وە هەندێ جاریش بەئاسایی دەزانێت و بەلایەوە حەرام نیەو بەدروستیشی دەزانێت ، بۆیە دەتوانین چەندین زیان بخەینە بەر دیدی ئێوە ئەی خوێنەران بەڵام لێرەدا ئەوەندە باس دەکەین بەپشتیوانی خودا لەبەشەکانی دیکەدا چەندین زیانی دیکە دەخەینە بەرباس بەو هیوایەی سەرەتا خۆم و دواتر ئێوەی بەڕێزیش لەو فلیمانە دووربکەوینەوەو چیتر بەو کارە نابەجێیانە هەڵنەخەڵەتێین...

**ئەڤین محمد / ك .ئاداب . خانەقین**

========================

## ببە بە کلیلی خێر و چاکە

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوای لێ ڕازبێت) فەرمووی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ مِنْ النَّاسِ مَفَاتِيحَ لِلْخَيْرِ مَغَالِيقَ لِلشَّرِّ، وَإِنَّ مِنْ النَّاسِ مَفَاتِيحَ لِلشَّرِّ مَغَالِيقَ لِلْخَيْرِ، فَطُوبَي لِمَنْ جَعَلَ اللَّهُ مَفَاتِيحَ الْخَيْرِ عَلَى يَدَيْهِ، وَوَيْلٌ لِمَنْ جَعَلَ اللَّهُ مَفَاتِيحَ الشَّرِّ عَلَى يَدَيْهِ ﴾ .رواه ابن ماجه (٢٣٧)، وحسنه الألباني رحمه الله في (صحيح سنن ابن ماجه) (١٩٤).

واتە: ((خەڵکانێ هەن کلیلی کردنەوەی چاکەن و داخستنی خراپەن، وە هەروەها خەڵکانێ هەن کلیلی کردنەوەی خراپەن، وە داخەری کلیلی چاکەن، سەرفرازی بۆ ئەو کەسەی کە خوای گەورە ئەیکاتە هۆکاری کلیلی کردنەوەی چاکە، وە وەیل بۆ ئەو کەسەی کە ئەبێتە هۆکاری کردنەوەی کلیلی شەڕ(خراپە)).

وە هەرکەسێ ئەیەوێ ببێتە کلیلی کردنەوەی خێرو داخستنی خراپە، ئەوە لە سەرفرازانە، وە لە سەریەتی ئەمانە بکات:

١- ئەبێ دڵسۆزی بنوێنێ بۆ خوای گەورە لە گوفتارو کردارەکانیدا، لەبەر ئەوەی بنچینەی هەموو خێرێکەو، سەرچاوەی هەموو چاکەیەکە.

٢- نزاو پێداگیری کردن بۆ ئەوەی خوای گەورە یارمەتیت بدات لە سەر ئەم کارە، لەبەر ئەوەی نزاکردن (دوعا) کلیلی هەموو چاکەیەکە، وە خوای گەورە نزای بەندەی خۆی ناگەڕێنێتەوە، وە باوەڕدار نائومێد ناکات ئەگەر پەنای بۆ ببات.

٣- سوربوون لەسەر فێربوونی زانست و بە دەستهێنانی، لەبەرئەوەی زانست، خوازیاری چاکەکردن و پایە بەرزی و دەست فراوانی یە، وەڕێگرە لە خراپەو ڕیسوایی.

٤- ئەنجام دانی پەرستنەکان بەتایبەتی فەرزەکان، وە بە تایبەتی تر نوێژ لەبەر ئەوەی دوورت ئەخاتەوە لە خراپە.

٥- خۆجوان کردن بە ڕەوشتی جوان و بەرز، وە دوورکەوتنەوە لە ڕەوشتی خراپ و نزم.

٦- هاوەڵی کردنی چاکەکاران و دانیشتن لەگەڵ پیاوچاکان، لەبەر ئەوەی دانیشتن لەگەڵ پیاوچاکان فریشتەکان دەوریان دەگرن و ڕەحمەتی خوای مەزن بەسەریان دەڕژێ، وە ئاگاداربوون لە خراپە کاری و دانیشتن لە گەڵ پیاو خراپان لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانە جێگەی شەیتانن.

٧- ئامۆژگاری کردنی ئەو کەسانەی کە هاوەڵتن یان تێکەڵاویان دەبیت، بۆ ئەنجام دانی خێرو دورخستنەوەیان لەشەڕ.

٨- بیرکردنەوە لە ڕۆژی دوایی و ڕاوەستان

لەبەردەست پەروەردگاری خاوەن جیهانیان (بین یدی الله)، پاداشتی چاکە بەچاکە ئەداتەوەو خراپەش بە خراپە ﴿فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْراً يَرَه (*) وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرّاً يَرَه (*)﴾ ﴿الزلزلة:٧-٨﴾

٩- کۆڵەکەی ئەمانە هەموو ئارەزووی بەندە بۆ خێروچاکە، سود گەیاندن بە بەندەکانی تر، هەر کاتێك ئارەزوو بوونی هەبوو، وەنیەت جێگیربوو، وە بە دڵنیایەوە بڕیاری دا، وە پشتی بە خوا بەست، وە هەرشتێك لە دەرگای خۆیەوە ڕۆیشتە ژوورەوە بۆی ئەوە بە پشتیوانی خوای گەورە ئەبێتە کلیلی کردنەوەی خێرو داخستنی خراپە.

وە خوای مەزن پشتیوانی بەندەی خۆی ئەکات و سەری ئەخات و دەرگای خۆی بەسەردا ئەکاتەوە ئەگەر ویستی لە سەر بێ.

وەرگێڕانی : کاوە فلامەرز / دەرچووی عەرەبی

( ابن معتز ) لە پارچە هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

خلِّ الذنوب صغيرها وكبيرها ذاك التقى

واصنع كماش فوق أرض الشوك يحذر ما يرى

لا تحقرنَّ صغيرة إن الجبال من الحصى

واتە :

واز بهێنە و دور بگرە لە تاوانە بچووك و گەورەکان ، ئەوەیە خۆپارێزی و تەقوای دڵەکان.

با خۆپاراستنت لە تاوان وەکو کاری ڕێبوارێك بێ ، کە خۆ دەپارێزێ لە ئازاری دڕکەکان.

نەکەی تاوانە بچووکەکان بەکەم دانێیت ، چونکە لە گچکە بەردن هەموو شاخ و کێوەکان.

## بەراوردێك لەنێوان شارستانیەتی ئیسلامی ومێژووی ئەوروپادا ( بە نموونەوە )لەشارستانیەتی ئیسلامیدا :

ئەگەر بەراوردێك بکەین بەنموونەوە زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شارستانیەتی ئیسلامی چەندە بایەخی داوە بەکەرتەکانی خزمەتگوزاری کە بەڕاستی بۆ ئێمەی موسڵمان جێ شانازییە لەوانە:

١-مزگەوت : مزگەوت تەنها بۆنوێژ نەبووە بەڵکو چەندەها ڕۆڵی تری گرنگی هەبووە لەوانە بنکەی سەرەکی فێربوون وفێرکردن بووە وەخاوەنی کتێبخانەی گەورەبووە کە سەرچاوەی ڕۆشنبیری بووە لای هاوڵاتی کە هاوڵاتی زۆر بەئاسانی توانیوویەتی ڕۆڵەکانی بخاتە بەر خوێندن بەبێ هیچ کۆسپێکی ماددی

٢-چێشتخانە : دروستکردنی چێشتخانەی تایبەت بەهەژاران کە مەرجەکانی تەندروستی و ژینگەیی تێدا بەرجەستەبووە چونکە چینی هەژار زۆر کاریان بۆ ئاسان کراوە لەلایەن خەڵکەوە.

٣-نەخۆشخانە :یەکەم نەخۆشخانەیەك کە دروست کرا لەسەر دەستی خەلیفە (ولیدی کوڕی عبدالملك ) بووە ،لەساڵی ٨٨هـ -٧٠٦م ، لەدمشق بەم شێوەیە موسڵمانان زۆر بایەخیان داوە بەلایەنی تەندروستی ئیتر بەدرێژای مێژوو هەوڵیان داوە بۆ دروست کردنی نەخۆشخانە ، لەوانە لەساڵی (٧٠٧م) نەخۆشخانەیەکی تایبەتیان دروست کرد بەنەخۆشی گەڕی هەر لەدمشق

٤-ئاو وئاوەڕۆ : ئەم لایەنەش زۆر بایەخی پێدراوە لەلایەن موسڵمانانەوە

٥-ئاودەست (توالێت ): دروست کردنی ئاودەستی گشتی کە هەموو هاوڵاتیان توانیویانە سوودمەندبن لێی

٦- گەرماو : دروست کردنی گەرماو بۆ خۆشۆردن کاتێك گاورەکان هاتن ئەندەلوسیان (ئیسپانیا) داگیرکرد کەوتنە کوشتن ولەناوبردنی موسڵمانان ، دەچوونە سەر هەر ماڵێك ئەگەر گەرماوی تێدا بووبێت ئەوا زانیویانە ئەم ماڵە موسڵمانە دەیان کووشت .کەواتە گەرماو ڕەمزێك بووە بۆ خۆپاك ڕاگرتنی تاکی موسڵمان .

**لەمێژووی ئەوروپادا :**

کاتێك سەیری مێژووی ئەوروپا دەکەیت دەبینی لەزۆرێك لە کەرتە خزمەتگوزارییەکان بیٚ بەش بوون بۆنموونە :

*ئەوروپییەکان کاتێك کە نەخۆشی گەڕی تەشەنەی سەند لەنێوانیاندا ،بڕوایان وابوو کە ئەمە تەنها تورەیی خواکانیانە بەسەریانەوە بەبیٚ ئاوڕدانەوە بۆ هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە و کەمتەرخەمیان لەبوارەکانی تەندروستی ئاو وئاوەڕۆ و ژینگەدا ، تاوەکو ئەوەبوو پادشا (فیلیب) فەرمانی دەرکرد لەساڵی( ١٣١٣م)ی بەسووتاندنی هەموو ئەو کەسانەی تووشی ئەم نەخۆشیە بوون.

*ڕۆما بەو هەموو ناو وناوبانگە کە هەیبوو نەیدەتوانی ئاو وئاوەڕۆیەکی دروست داین بکات بۆ هاولاٌتیان هەر لەسەردەمی کۆمارییەکان وئیمپراتۆری وسەردەمی تازەش . بەشێوەیەك کە پاشەڕۆی خەڵك بەنێو گەڕەکەکاندا دەڕۆشت دەرئەنجام خەڵکێکی زۆر تووشی نەخۆشی مەلاریا هاتن .

دەرئەنجام : ئەمە کورتەیەك بوو لەسەر پێشکەوتنی شارستانیەتی ئیسلامی کەتاکی موسڵمان دەتوانێت نەك هەر شانازی پێوە بکات بەڵکو ئەم کارانە بکاتە پرۆژە بۆ داهاتووی کۆمەڵگەکەی .

پشتیوان محمد حسن/ دەرچووی عەرەبی

## چەند ئامۆژگارییەك بۆ ئەوكەسانەی كەوا دەیانەوێت تەوبە بکەن

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

خوشك و برای بەڕێزم گومانی تیادا نیە کەوا هەریەکێك لەئێمە تاوان دەکات و سەرپێچی خوای پەروەردگار دەکات، بەڵام پێویستە لەسەر هەریەکێك لەئێمە زووبەزوو بگەڕێتەوە لای خوای پەروەردگارو پەشیمان ببێتەوە،وە پێغەمبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) لەفەرموودەیەکی ڕاستدا دەفەرموێت(هەموو بەنی ئادەمێك تاوان دەکات،بەڵام باشترینی تاوانباران ئەوانەن کەوا تەوبە دەکەن و پەشیمان دەبنەوە) ،ئەمەش کۆمەڵێك ئامۆژگارییە کەوا یارمەتی تۆی بەنرخ دەدات کەوا تەوبەیەکی ڕاست و دروست بکەیت و پاشانیش بەردەوامبیت لەسەری بەیارمەتی خوای گەورە:-

١-سوپاسی خوابکە کەوا خوای پەروەردگار یارمەتی داویت کەتەوبە بکەیت و بگەڕێیتەوە،وە گیانی نەکێشاویت لەکاتێکدا کەوا هێشتا تۆ لەسەرتاوانیت.

٢-بزانە کەوا تۆ مردوویەك بوویت و خوای گەورە بەهۆی ئەم تەوبەیەوە زیندووی کردوویتەوە بەنووری هیدایەت.

٣-ئایا تۆ دەزانیت کەوا خوای پەروەردگار زۆر پێی خۆشە کە تۆ تەوبە دەکەیت و دەگەڕێیتەوە بۆ لای.

٤-ئایادەزانیت کەوا خوای پەروەردگار هەموو خراپەکانت بۆ دەکات بە چاکە ئەگەر تەوبەیەکی ڕاستەقینە بکەیت.

٥-ئایا دەزانیت تۆ ئێستا لەوکەسانەیت کەوا خوای پەروەردگار خۆشی دەوێن و ڕێزیان لێدەگرێت.

٦-ئامۆژگاریت دەکەم بەوەی کەوا ڕاستگۆبیت لەتەوبەکردنەکەتدا.

٧-وازبێنە و دوورکەوە لەهاوڕێ و هاودەمی خراپ و لەمەودوا وازبێنە لەدانیشتن لەگەڵیاندا و تەنانەت ژمارەی مۆبایلەکانیشیان بسڕەوە،وە دوورکەوە لەهەموو شتێك کەوا ئەوانت یاد دەخاتەوە بەڕاستی ئا ئەوانە ژەهرێکی کوشندەن.وە هەوڵبدە هەرلەئێستاوە کۆمەڵێك هاوڕێی چاك و لەخواترس بۆخۆت پەیدابکەیت و لێیان نزیك بەرەوە و داوای ئامۆژگارییان لێبکە.

٨-زۆر دوعابکەو زۆر بپاڕێوە و داوابکە لەخوای گەورە کەوا بەردەوامی و دامەزراویت پێببەخشێت لەسەر چاکەکاری.

٩-هەرگیز لایەنی ترس مەگرەو مەڵێ خوا لێم خۆش نابێت،وە چاك بزانە کەوا خوای گەورە زۆر بەڕەحم و میهرەبانەو لەهەموو تاوانەکانت خۆش دەبێت ئەگەر بەڕاستی تەوبەبکەیت.

١٠-هەموو ئەوشتانەی ڕابردووت لابەرە کەوا هانیان دەدایت لەسەر خراپەکاری ،وەکو (وێنە، گۆڤار، ڤیدیۆ،کتێب،کاسێت...هتد).

١١-دڵنیابە لەسەرەتاوە تەوبەکردن و وازهێنان لەتاوانەکان قورسییەکی تیادایە،وە لەوانەشە هەندێك لەهاوڕێ و کەسەنزیکەکانت گاڵتەت پێبکەن،بەڵام تۆ پشت بەخوای خۆت ببەستەو بزانە کەوا خوای پەروەردگار دەرگای ڕەحمەت و ئاسانکاری فراوانە بۆ ئەو کەسانەی کەوا بەرەو لای ئەو دەگەڕێنەوە.

١٢-هەر لەسەرەتاوە هەوڵبدە هەڵسو کەوت و گوفتارت بگۆڕیت لەگەڵ خانەوادەکەت و دەوروبەرەکەتدا،بۆ ئەوەی چێژ و لەززەتی تەوبە بکەیت و دەوروبەرەکەت دڵخۆشبن بەتەوبەکردنەکەت.

١٣-هەوڵبدە هەر لەسەرەتاوە دەستبکەیت بە ئەنجامدانی نوێژە سوننەتەکان و قورئان خوێندنەوە و ڕۆژووی سوننەت وکتێبی بەسود خویندنەوە.

١٤-باشتروایە سەردانی ئەوشوێنانە بکەیت کەوا دڵت نەرم دەکەن و نازو نیعمەتی خوات بەسەرەوە بیردەخەنەوە،وەکو (نەخۆشخانەکان،سەرقەبران،شوێنی مردوو شۆردنەوە).

١٥-وە چاك بزانە کە ژیانی دونیا زۆر بچوکە و ئەوە ناهێنێ کەکاتەکانی تەمەنی خۆمانی تیادا بەسەرببەین و دونیاش جێگەی مانەوەو حەسانەوەمان نیە.

١٦-پەلەمەکە لەحوکمدان بەسەر خەڵکیەوەو هەوڵبدە بەلەسەرخۆیی و هێمنیەوە نەهی لەخەراپە بکەیت.

١٧-ڕابردووت بکە بەدەرس و پەند بۆ داهاتووت وهەرگیز وامەزانە لەبەرئەوەی تۆ خراپەی زۆرت کردووە نابیتە کەسێکی گەورە و لێهاتوو(سەیری هاوەڵان بکە پێش ئیسلام کەسانی هاوەڵبڕیاردەربوون بەڵام دوای گەڕانەوەیان بۆ باوەشی ئیسلام چەند پایەبەرز و بڵندبوون).

١٨-هەوڵبدە بەرنامەڕێژی بکەیت بۆ پرۆژەی گەورە لەژیانتدا(وەکو زەواج ، قورئان لەبەرکردن، عومرەکردن ، ئامۆژگاری کەسانی تر..هتد).

لەکۆتایشدا دەمەوێت بیرت بخەمەوە کەوا هەموومان لەسەر ڕێگەی مردنین و بەرەو گۆڕستان هەنگاو دەنێین،بۆیە پێتدەڵێم ئەی خوشك و برای لاوم(ئەگەر پێت بوترێت ئەمڕۆ کۆتا ڕۆژە لەتەمەنتدا ئایا حەزدەکەیت چی ئەنجامبدەیت لەم ڕۆژەدا؟!!)..

محمد نجم صالح/ کۆلێژی پزیشکی/ زانکۆی سلێمانی.

## گەلـــۆ.. کوردایەتی بۆ هەمووان

دەبێت ئەوە باش بزانین کە ڕۆڵی هەموو چین‌و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە بە مامۆستایانی ئایینی‌و ناوەندەکانی خوێندن، وە سیاسەتمەدارو ڕاگەیاندکارو کۆی کایەکانی تر تا سەر ئێسقان هەستیارەو پێویست دەکات دڵسۆزو لێبڕاوانەتر خەمی کۆژان‌و خاکەساری گەلی کوردیان بێت‌و بەڕاستی باوەش بۆ ژوارو ناسۆرەکانیان بکەنەوەو چۆن دروست‌و ڕەوایە ئاوا ئاڕاستەو ئیدارەو پەروەردەیان بکەن.

ناشێت هێندێك پڕو هێندێکی تر قڕ لەسەر حسابی ئەوانی تر! یانیش پەڕو باڵ کردنی دڵسۆزەکان! یاخود خەفە کردنی ڕاستیەکان‌و مەرایی‌و ماستاو ساردکردنەوە . لەگەڵ ڕێزم . بۆ ئەم‌و ئەو!

ئاخر بست بە بستی ئەم خاکە بە هی خۆمانی دەزانین‌و خۆمان لە زۆرێك لەوانەی خۆیانی پێ هەڵدەکێشن‌و بە تێکڕایی نامۆیەکانیان[1] کە هەڵتۆقیوون لە هەناوی کوردایەتی بە کوردتر دەزانین‌و حەزیش ناکەین ئەو لاف‌و گەزافە بەسەرماندا لێ بدرێت؛ وەکو چۆن بەسەر کەسیشیدا لێنادەین.

چین‌و توێژ دەناسین دەیەوێت یەك پارچە خزمەت بێت بۆ هاونیشتیمانیان‌و لەگەڵ شین‌و شایی گەلەکەی هەڵ بکات‌و خۆ بەردەوامیش بەشێك بووە لەوان.

ڕاستە دەردەسەری‌و ناڕەحەتی زۆرمان بینیوەو جۆگەلەی خوێن لە ناوماندا دروست بووەو کەللەسەری دۆستانمان بووە بە نیشانەو ئامانجی ناحەزانمان، بەڵام هەر هەق دەیباتەوەو هەر ئەویش سەردەکەوێت.

ستایش‌و پێزانین بۆ خوا بە ئاستێکی باشیش ئەمڕۆ لە کەیف‌و سەفادایین.

جا هەتوان‌و چارەسەری ڕاستەقینە بۆ کوردستان‌و تێکڕای نیشتیمانەکان، ئیسلامی دروست‌و تەواوە وەکو چۆن کە هاتووەو پێویستیشە دەست بخەینە نێو دەستی یەك‌و بەرژەوەندییە خێڵەکی‌و تاکە کەسیەکان وەلانێین‌و خەممان خەمی دین‌و خاك‌و پێکهاتە ڕاساڵەکانی بێت.

نابێت‌و ناکرێت کوردستانمان هەرزان فرۆش بکرێت‌و دەرگا والا بکرێت بۆ هەرکێ ویستی ئەسپی گلاوی خۆی تێدا تاوبداو بگرە دەبێت ئەو پەنجانە قوت بکرێن کە هێمان بۆ تێکچوونی هێمنی‌و ئاسایشی ئەزموونەکەمان.

بۆیە ئەوانەی هاتوونەتە سەر حازری دەبێت تەقدیرو نرخ بۆ ئەم دۆستە ماندوانە دابنێن کە شەوو ڕۆژیان خستۆتە سەر یەك بۆ ئاسودەیی‌و بەختەوەری تاك‌و کۆمەڵی کوردەواری بۆ حەسانەوەو پشووی ئێرەو ئەولاش. دوێنێتان بیر بێت، بەڵام ئاگاشتان لەمڕۆ نەبڕێت.

قەت ناتوانین ئەو ناخە ڕەش‌و پەنجە سورانە لەبیر بکەین کە دەستیان هەیە لە زیندە بەچاڵ‌و قەلاچۆکردنی توانا مرۆییە ڕەواکان‌و بونیادی دروستی کۆمەڵگە، کەوا دەکەن مانگ ئاساکان ئاوابن..

کەواتە با ئەقڵیەتی هاوڵاتی پلە دوو لە ناخ‌و

---

[1] هەندێك لە خەڵکی بۆ ئەوەی پێمان بڵێن: ها موسەققەفین، دێن بە ئیسلام‌و پیرۆزیەکان‌و پێکهاتە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی کوردی هەڵدەشاخێن‌و بێ نرخ‌و کەم بایەخ سەیریان دەکەن، خۆ زۆریش بیاندوێنی کوردایەتی لەبەر ئەوان بەر کەسی تر ناکەوێت، لە کاتێکدا تەنگاو بکرێن تێپەڕنامە (جواز سفر)ی خاریجت بۆ دەردێنن‌و پێنج شەش ڕۆژ ناتوانن لە کوردستان بژین، ئەوە هیچ فەقیرە ماڵ‌و منداڵیشیان لەوێن کە دەسەڵاتیان مابێت بەسەریاندا!

هزرتان بچێتەدەر، هۆ! ئەوانەی تۆمەتو ناڕەوایی دەکەنە کاڵای باڵای ماندووان، خۆ هەرگیز شەیدایانی شەوەزەنگو ناحەزان بە ڕۆشنایی خۆرو ئەوانەش کە خەوی ناخۆش دەبینن‌و نوقڵانەی خراپ لێ دەدەن ناگەنە مرازو نیازی خۆیان‌و پلانە شەڕەنگێزەکانیان بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە، پشتیوان بە خوای گەورەو کار لەجێ‌و تاقانە.

ئیتر با ئەمە پەیامێك بێت بۆ ئەوانەی دەیانەوێت ناهەقی خۆیان خەفەو پەردە پۆش بکەن بە تۆمەتبارکردنی خەڵکانێك[٢]، بەوەی کورد نین!! چونکە پێیان دەڵێم: (من وەکو دین‌و عەقیدەی خۆم گەلێك لە خۆت‌و باوکت کوردترم بە خوا)[٣]، وە (من بیروباوەڕم وایە کە بە زبانی کوردی لە دایك بوومە، فەخری پێوە ئەکەم خوای پەروەردگار کە بە کوردی منی لە دایك کردوە وە بە زبانی کوردی؛ نەك بچم زبانی خۆم بگۆڕم لەم لاو لەولا.. بۆ ئەوەی پارەم دەست کەوێت)، وەکو بەڕێز مامۆستا ڕەمەزانی بە ناهەق تیرۆرکراو (بەڕەحمەت بێت) وای دەفەرموو.

بەهیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك

جیهاد قادر / ماستەر لە زمان وئەدەبی عەرەبی

---

[٢] فیرعەونیش بە پێغەمبەر موسای دەوت . سەلامی خوای لەسەربێت .: ﴿ ذَرُونِيٓ أَقۡتُلۡ مُوسَىٰ وَلۡيَدۡعُ رَبَّهُۥٓۖ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمۡ أَوۡ أَن يُظۡهِرَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡفَسَادَ ﴿٢٦﴾ ﴾ غافر. ئـای!! خراپەکار ببێتە دەم سپی‌و کەوا سوری بەر لەشکرو بە چاکەخواز بڵێت: موفسید! پاك‌و بێگەردی بۆ خوا..

[٣] ئەم وتەی مامۆستای تیرۆرکراو ئاڕاستەی ئەو نەوعە کوردانەیە کە کوردایەتی بە خەڵك دەفرۆشن‌و لاف‌و گەزافی بەرگری لە کورد لێ دەدەن‌و دەڵێن: هۆ خەڵکینە ئاگاتان لەمانە بێت؛ چونکە ئەمانە کورد نین‌و فەساد لە زەویدا دەنێنەوەو واو وا دەکەن‌و دینی میللەتی کورد دەگۆڕن. هەڵبەت هەمووشی چەواشەکاری‌و ناڕاستیە.

## بریا دایکم منی هەر نەبووایە

بەڵێ ژیانی پێنج‌و دوو ڕۆژەی دونیا هێندە سیخناخ‌و پڕ لە هەورازو نشێوە، بەڵام ئەگەر بایەخ‌و گرنگی هەبوایە بە ئەندازەی باڵە مێشولەیەك ئەوا خوای گەورە قومە ئاوێکیشی لێ نەدەدا بە بابای کافرو بێ باوەڕ، گەرچی نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە کێڵگەی دوا ڕۆژو ڕۆژی هەستانەوەیشە، جا خۆشی‌و سەرفرازی بۆ ئەوانەی شتی باشیان تێیدا چاندوەو خۆشیان بەدوور گرتووە لە شتە خراپەکان، بۆیە دەڵێین: ئەو ژیانە نیە کە مرۆڤ خەون‌و خەیاڵەکانی خۆی تێدا هەڵبچنێت، بە ئەندازەی ئەوە نەبێت کە سودو کەڵك بە خۆی‌و ئازیزانی بگەیەنێت، لە کاتێکدا دەبینین کە پێشەوا گەورەکان زۆرترین ترس‌و تینیان لە قیامەت بوە بە جۆرێك بایەخێکی ئەوتۆیان بە خۆشیە بڕاوەکانی ژیانی دونیا نەداوە، بگرە حەزو هیوایان خواستووە هەر نەبوونایە، یاخود پوشکەو گەڵای دار بوونایە، یانیش زیاتر لەوە هومێدیان خواستوە کە دایکیان ئەوانی نەبووایە.

لە ڕاستیدا ئەوان . دلۆڤانی خوا بڕژێتە سەریان . باش لە هەقیقەتی ئێستامان گەیشتوون‌و ئەولاشیان چاك ناسیوەو زانیویانە کە چەندێك دژوارو بەسۆو ناسۆرە.

وە واتاو داخوازی‌و مەبەستەکانی قورئان‌و فەرموودەشیان لە خۆیان بەرجەستە کردوەو خۆشیان لە یاساغ‌و قەدەغەکراوەکان بەدوورگرتووە.

بۆیە هێندە بەشکۆو سەنگین‌و سەلار بوون کە هەمیشە مرۆڤایەتی قەرزداریانەو بەڕێزو حورمەتەوە ناویان دێنێت‌و مێژوو بڵندی‌و پایەداری ئەوانی بۆ تۆمارکردوین، بەڵام ئێمە ئەوەی گرنگی پێ نادەین

ئەوەیە، ئەوەیش کەم نرخە هەموو ئەندێشەو خەونێکمان لەگەڵ ئەوە.

هەر بۆیە دەبینین ئەمڕۆ مەردوم (مەگەر ئەوانەی پەروەردگار ڕەحمی پێ کردوون) لە بۆشاییو نا ئاسودەییدا . بە هەموو واتاکانیەوە . دەژێتو دڵی بە هیچ شتێك خۆش نیەو پەنا بۆ دەیان ڕێگەو شێوازی نەخوازراو دەباتو گرنگی بە هیچ دابو نەریتو بەهاو ئاکارێکی پایەبەرز نادات‌و وێڵ‌و شەیدای خولیاو ویستە بێ نرخەکانیەتی.

به گوشراویی: گەر ئێمەش لە حەقیقەتو ڕاستەقینەی ژیانی دونیا گەیشتباین ئەوا دەمانوت: خۆزگە دایکمان ئێمەی هەر نەبووایە، یاخود باڵندەیەك باین لە بەروبومی درەختمان بخواردباو پاشان فڕیباین‌و پەروازمان بکردایەو هیچ لێپرسینەوەو سزامان لەسەر نەبووایە.

یان خاك‌و خۆڵ بووینایە، هەرنا درەختێك بووباین بخورابایین، بگرە هەر هیچ شتێك نەباین‌و لەبیر کراوباین.

ئا / زانست

**حەسەنی بەصری ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێت :**

**ئەی نەوەی ئادەم ، دونیا بفرۆشە بە دواڕۆژ هەردوکیان دەبەیتەوە ، نەك دواڕۆژ بفرۆشی بە دونیا سەرئەنجام هەردوکیان لە کیس دەدەیت** . ( حلية الأولياء )

## تەبەڕوك

بەناوی خوای بەخشندە و بەبەزەیی، سوپاس و ستایش و بەرزی و بڵندی بۆ خوای پەروەردگار کەشایستە بێت بە کەماڵ و گەورەیی خۆی، صەلات و سەلام لەسەرگیانی پاکی پێغەمبەرەکەی(ﷺ)

خوشك و برایانی بەڕێزم لەم بابەتە کورتەدا بە پشتیوانی خوای گەورە باسی تەبەڕوك دەکەین :

**تەبەڕوك** واتە: داواکردن و بەدەستهێنانی بەرەکەت، ئەمەش لەپێکهاتەی (برکە) ەوە هاتووە واتە: شوێنی کۆبونەوەی ئاو و زۆربون و مانەوەو جێگیربونی لەوێدا.(لسان العرب ٣٩٧/١٠) .

کەواتە بەکاردێت بەمانای داواکرنی خێری زۆر و جێگیربون و بەردەوام بونی ئەو خێرە.(التمهيد شرح كتاب التوحيد/باب من تبرك..) .

بەرەکەتیش لەلایەن خوای تاك و تەنهاوە دەبەخشرێت جگە لەو زاتە پیرۆزە کەسیتر ناتوانێت کەس بەرەکەتدار بکات وبەرەکەتی پێ ببەخشێ یان خۆی موبارەك بێت، مەگەر خوای گەورە خۆی پێی بەخشیبێت. وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:﴿ تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ﴾(فرقان١) واتە: بڵندو گەورەیە، پیرۆز و بەپیتە ئەو خوایەی کە قورئانی دابەزاندە سەر بەندەی خۆی.

وەلەباسی پێغەمبەر عیسادا(عليه السلام) ئەفەرموێت:﴿ وَجَعَلَنِي مُبَارَكاً أَيْنَ مَا كُنتُ﴾(مريم ٣١) واتە:پەروەرگار موبارەکی کردوم لە هەرکاتێك و لە هەرشوێنێکدا بم، لەبانگەوازکردنم بۆ(الله) لەکرداروگوفتارمدا ...هتد

ئەوشتانەی خوای گەورە موبارەکی کردون

١- شوێن

٢- کات

٣- شەخص(کەس)

١- **شوێن** : خوای گەورە هەندێ شوێنی پیرۆز و موبارەك کردووە، وەك مزگەوتی حەرام وە دەوروبەری بەیتول مەقدیس وەك لەسورەتی ئیسرائدا هاتووە﴿الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ﴾ واتە: ئەو مزگەوتەی کە دەوروبەریمان پیرۆزو بەپیت کردووە. وەهەروەها هەر شوێنیکیتریش کەخوای پەروەردگار خۆی پیرۆزی کردبێت، ئەمانە مانای ئەوە نادەن کە لەڕووی بەرجەستەییەوە موبارەکبن بەڵکو لەڕووی واتاییەوە موبارەکن، کەوا پاداشت تیایدا چەندەها پلەیە و دڵی خەڵکی پێوە پەیوەستە پەرەستش و بەندایەتی زۆری تێدا دەکرێت و، ئەوە ناگەیەنێت کەبڕۆی بەشێك لەوخاکە یان لەهەرشوێنێکی ئەوانە بکەیتەوە یان خۆتی پێدابساوی ئەوا توشی بەرەکەت دەبیت یان هەندێ لەو بەرەکەتەت دەست دەکەوێت، بەڵکو ئەو بەرەکەتە پەیوەستە بەوەی کەتۆ لەوێ کردەوەکانت ئەنجام بدەیت توشی خێرو بەرەکەت دەبیت.

٢- **کات**: وەك مانگی ڕەمەزان و ڕۆژی هەینی و ڕۆژی عەرەفە...هد عیبادەت تیایدا خێرو پاداشتی زۆرت دەست دەکەوێت کە لە ڕۆژەکانیتر دەستت ناکەوێت .

٣ - شەخس: ئەمەش دوو جۆرە، یەکەمیان وەك پێغەمبەران(علیهم الصلاة السلام) کە خوای گەورە لاشەی ئەمانەی پیرۆزو کردووە بەکارو کردەوەیانەوە، وە هاوەڵان تەبەڕوکیان کردووە بە عارەق و مووی قژ و ڕیشی پێغەمبەرەوە(صلی الله علیه وسلم) و شەڕیان بووە لەسەر ئاوی دەستنوێژی. (بوخاری١٧١) (٢٧٣١-٢٧٣٢).

ئەمە تایبەتە بە ئەوانەوە هیچ کەسێکیتر بۆی نیە ئیدیعای ئەوانە بکات.

جۆری دووەمی هەموو موسڵمانان تیایدا بەژدارن، بەڵگەش فەرموودەکەی ابن عمر(ڕەزا وڕەحمەتی خوای لێبێت) کە دەفەرموێت پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم): فەرمووی (لە ناودارەکاندا دارێك هەیە کە بەرەکەتی وەك بەرەکەتی موسڵمان وایە) (بخاری٥٤٤٤) (مسلم٢٨١١) ، ئەویش بەگوێرەی خواپەرەستی و زانست و بۆخواسوڵحانی کەسەکەیە.

بەرەکـەتی هـاوەڵان و زانـاو پیـاو چـاکانیش لـەکارو کردەوەیانـە نـەك خـودی لاشـەیان. تەبـەڕوك کـردنیش بەمانـەوە ئەوەیـە کەبکرێنـە چاوسـاغ و شـتی لێـوە فیرببین و زانست و ئەدەب ڕەوشتی لێ وەرگرین، نـەك پارچـەپەڕۆ و خـۆڵی سـەرقەبرو...هتـد بهێنـرێن کەبەربلاوە لەناو موسڵماناندا .

**حوکمی تەبەڕوك کردن**

هەرکەس تەبەڕوك بکات بەدار و بەرد و قەبر و خۆڵ و ...هتـد ئـەوا شـیرکی ئەنجامـداوە.جاشـیرکەکەش یـان گەورەیە یان بچوك، ئەویش بەگوێرەی نیەتی کەسەکە دەبێت ئەگەر وایزانی ئەوەی کەتەبەڕوکی پێوە دەکات ئەوەخودی شتەکە توشی خێرو بەرەکەتی دەکات ئەوا شـیرکی گـەورەی ئەنجامـداوە، بـەلام ئەگـەر بـەس وەك هۆکارێك بەکاری بهێنێ وە بڕوای وابێت کەئەمە بەس هۆکارێکەو ناتوانێت بەرەکـەت ببەخشێت وە تـەنها خوای گەورە دەیبەخشێت، ئەوا شیرکی بچوکە چونکە سەبەبێکی ناشەرعی بەکارهێناوە. زانایان ئەم ئایەتە پیرۆزانەیان کردووە بە بەڵگە:﴿ أَفَرَأَيْتُمْ اللاَّتَ وَالْعُزَّى . وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الأُخْرَى ﴾ (النجم :١٩-٢٠)

وەفەرموودەکەی أبي واقد الليثي. بۆتیگەیشتنی زیاتر بڕوانە: (التمهيد شرح كتاب التوحيد لصالح آل شيخ /باب من تبرك بشجر وحجر و نحويهما)

سامان جبرئیل / دەرچووی ئینگلیزی

# ئاگاداركردنەوەيەكی خوشكان

الحَمْدُللهِ وَحْدَهُ، وَالصلاةُ وَالسلامُ على مَنْ لا نبـي بَعْدَهُ :

و بعد: يەكێك لەو تاوانە بڵاوەی كە خوشكان تێيكەوتون و بوەتە هۆكاری زيادبوونی تێكەڵاويان لەگەڵ پياواندا و نانەوەی فيتنەی زياتر ڕۆشتنە بە ناوەڕاستی ڕێگادا بەشێوەيەك كە زۆر نزيك دەبنەوە لە پياوان كە ئەمەش لادانە لە فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە پێويستە لێی دوربكەونەوە ئەويش بە بەڵگەی: (عَنْ أَبِي أُسَيْدٍ الأَنْصَارِيِّ ، عَنْ أَبِيهِ " أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يَقُولُ ، وَهُوَ خَارِجٌ مِنَ الْمَسْجِدِ ، فَاخْتَلَطَ الرِّجَالُ مَعَ النِّسَاءِ فِي الطَّرِيقِ ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) لِلنِّسَاءِ : اسْتَأْخِرْنَ ، فَإِنَّهُ لَيْسَ لَكُنَّ أَنْ تَحْقُقْنَ الطَّرِيقَ ، عَلَيْكُنَّ بِحَافَّاتِ الطَّرِيقِ ، فَكَانَتِ الْمَرْأَةُ تَلْتَصِقُ بِالْجِدَارِ ، حَتَّى إِنَّ ثَوْبَهَا لَيَتَعَلَّقُ بِالْجِدَارِ مِنْ لُصُوقِهَا بِهِ) حسنه الالباني في السلسلة الصحيحة ج٢ ، ص/٥١١ . واتە: باوكی (أسيد) دەڵێت، باوكم ئەم فەرموودەيەی لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بيستووە كاتێك پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە دەرەوەی مزگەوت بوو ، بينی پياوان و ئافرەتان لە ناوەڕاستی ڕێگادا تێكەڵی يەكتر ببون ، ئينجا بە ئافرەتەكانی فەرموو لە ناوەڕاستی ڕێگا دوا بكەون و دوور بكەونەوە لە پياوەكان ، چونكە بۆ ئێوە نابێت لەگەڵ پياوان لە ناوەڕاستی ڕێگا بڕۆن ، بەڵكو دەبێت بە تەنيشت و لايەكی ڕێگاكە دا بڕۆن ، كاتێك ئافرەتەكان ئەم ئەمرەيان بيست لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) يەكسەر گوێ ڕايەڵی بوون و بە دوور كەوتنەوە لە پياوان ، ئەوەندە لە ديواری ڕێگاكە نزيك بوونەوە ئەو جلەی لەبەريان بوو دەنوسا بە ديوارەكەوە. لەم فەرموودەوە بۆمان دەردەكەوێت كە ئافرەتانی پێشين چەندە بە پەرۆش بوون بۆ ئەنجام دانی فەرمانی خودا و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بەداخەوە بە پێچەوانەی ئافرەتانی ئەم سەردەمە كە قورسترين و ناڕەحەتترين كردەوە لايان ئەنجامدانی ئەو فەرمانانەيە كە جگە لە سوود و قازانجی دونيای و قيامەتی خۆيان هيچ شتێكی تری تيا نابينرێت. داواكارم لە الله كە هيدايەتی زياتری من و خوشكانم بدات بۆ ڕێگە ڕاستەكەی و لە كەسانی بە تەماع و نەخۆش بەدورمان بگرێت.

وصلى الله على سيدنا محمد و على آله و صحبه وسلم.

**ڕێناس محمد: دەرچوی ئينگليزی**

========================

# خوشكی بەڕێزم بزانە !

بەڕاستی جوانی و گەشاوەيی گوڵ بەودارەوەيە كە هەڵيگرتووە و پێيگەياندوە كە ئەم دەست و ئەودەستی كرد هيچ ڕەونەقێكی نامێنێ لەڕاستیدا ، چيرۆك و بەسەرهاتی گوڵە باخ هاوشێوەی بەسەرهاتی تۆی كچە لە ناو كۆمەڵگاكەت كۆمەڵگا ئەودارەيە كە تۆی گوڵی هەڵگرتووە بەڕاستی كۆمەڵگا بەتۆی گوڵەوە جوانە ، ئەو كەسانەش كە بێ ڕەحمانە و بە هەرشێوەيەك بێت هەوڵی هەڵوەراندنت ئەدەن ئەوەندە كاريان بەتۆی گوڵە تاوەكو لەداری كۆمەڵگا دەكەنەوە و تێر بۆنت دەكەن ، دوای ئەوە يان هەڵت دەوەرێنن يان دەهێڵن سيس هەڵگەڕێی تاوەكو بەرنەفرەتی كۆمەڵگاكەت دەكەويت ئەوكات تۆڵەدەست دەچيت و كاريان بەتۆ نامێنی ، لەدوای تۆ پەنادەبەنە بەر وەراندنی گوڵێكی تر لە دەستە گوڵی خوشكانت بۆ ئەوەی بەرەو ئەو هەڵديرەی ڕەوانە بكەن كە تۆيان بۆ ڕوانە كرد بۆيە هەوڵدانت بۆمانەوە بەقەد داری كۆمەڵگاوە بەساغی هێندەی تر جوانت دەكاتەوە .

**ئا / زانست**

## سەرکەوتنی ڕاستەقینە کامەیە؟

خوێنەری بەڕێز! زۆرجار گوێمان لە ووشەی (بردنەوە یان سەرکەوتن) دەبێت و دەوترێت: فلان خەلاتێکی بردەوە، فلان ئۆتۆمبیلێکی سفری بردەوە، فلان کاسەکەی بردەوە، فلان مەدالیاکەی بردەوە، فیسار بەپلەی یەکەم دەرچوو، یان فلانە هەڵبژاردە و تیم لەهەڵبژاردەکەی بەرانبەری بردەوە بەگۆڵێك یان زیاتر، یان فلان وەرزشەوان و یاریزانی بۆکسینگ بەلێدانێکی وا لێهاتووانە لەبەرانبەرەکەی بردەوە .... بەم شێوەیە ئەم ووشەیە زۆر دەدرێت بەگوێماندا کەپەیوەستە بە خەلات وبردنەوە دونیاییەکانەوە.

بەڵێ بەڕێزان : سەرکەوتن وبردنەوە لەدونیادا تەنراوە بە فێڵ وتەڵەکەو بەسەرشانی بەرانبەردا سەرکەوتن، و تووشی کەمبوون ونەمان وبیرچوون دێت، دەوڵەمەندی هەژاری لەدوادێت، بەهێزی لاوازی لەدوادێت، لەش ساغی نەخۆشی لەدوادێت، گەنجێتی پیری وپەککەوتنی لەدوادێت، بەو شێوەیە خودی ژیانیش بەردەوام نابێت تا مەرگ کۆتایی بەهەمووشتێك دێنێت.

کەوابوو ئەمە چ جۆرە سەرکەوتنێکە لەدونیادا دەکرێت؟

بەلام سەرکەوتنی ڕاستەقینە ئەوەیە لەکاتی مردندا، لەگۆڕدا، لەکاتی پرسیاری دووفریشتەکەدا، لەکاتی حەشر و نەشرو پردی صیراط و وەرگرتنی نامەی کردەوەکان: ﴿ فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقْرَءُواْ كِتَٰبِيَهْ ﴿١٩﴾ إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَٰقٍ حِسَابِيَهْ ﴿٢٠﴾ ﴾ [الحاقة].

واتە: ئینجا ئەوکەسەی کارنامەکەی درایە دەستی ڕاستی جا(لەخۆشی وشادیدا)بەدەنگی بەرز دەڵێت: ها ئەوەتە نامەکەم بگرن وبیخوێننەوە(چونکە کاتێ کەنامەکەی درایە دەستی ڕاستی ئیتر هەربەوە زانی بەختیارە، بۆیە بەسەربەرزیەکەوە خۆی دەنوێنێ) چونکە من لەدونیادا ئەمزانی ویەقینم هەبوو کە دەگەم بەحیسابی خۆم !! وائەمڕۆش خوای میهرەبان پاداشتی بەچاکەی دامەوە.

سەرنج بدە –ئەی خوێنەری بەڕێز– وسەیری ئەم بردنەوەیە بکە، چۆن لەخۆشی وئاسوودەییدا بانگ وهاواردەکات ودەڵێت: ئای بەڕاستی نامەی کردەوەکانم بەدەستی ڕاستم وەرگرت، کە ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنم وبەختەوەری هەمیشەییمە، ئەی خەڵکینە کتێبەکەم بخوێننەوە، چونکە من لەسەر یەقین بووم وبچووکترین گومانم نەبوو لەوەی کە ڕۆژێکی وادێت، ولەوەها حاڵەتێکدا دەوەستم، هەربۆیە زۆر بەپەرۆشەوە کارم بۆدەکردو خۆم بۆ ئەم سەرکەوتنە سازوئامادەکردبوو. ئەمەش پاداشتەکەیەتی ﴿ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴿٢١﴾ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ ﴿٢٢﴾ قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ ﴿٢٣﴾ كُلُواْ وَٱشْرَبُواْ هَنِيٓـَٔۢا بِمَآ أَسْلَفْتُمْ فِي ٱلْأَيَّامِ ٱلْخَالِيَةِ ﴿٢٤﴾ ﴾ [الحاقة].

واتە: جا ئەوکەسە لەگوزەرانێکی خۆش وپەسەندکراودایە، لەبەهەشتێکی بەرزدا کەمیوەجاتی درەختەکانی نزیکە لێیەوە: واتە: دەس ڕەسە، بەڕاوەستانەوە، بەدانیشتنەوە، دەست دەیگاتێ، تەنانەت دەمیشی ئەگاتێ، خوای کارزان ناهێڵێ بەهیچ شێوەیەك بەهەشتی ئەزیەت بکێشێت، پاش ئازاروئەزیەتەکەی دونیای، پێیان ئەوترێ: بخۆن وبخۆنەوە بەخۆشی بەهۆی ئەو کارە جوان وچاکانەوە لەڕۆژگارەکانی ڕابردوودا ئەنجامتان دەدا.

لەلایەکی ترەوە خەسارەتمەندو پەشیمانەکان دەوەستن، ئەوانەی کە تەمەنیان وەکو تۆز لەدەست داو هیچ شتێکیان پێش نەخست بۆ ڕۆژی گەڕانەوە(قیامەت): ﴿ وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ فَيَقُولُ يَٰلَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَٰبِيَهْ ﴿٢٥﴾ وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ ﴿٢٦﴾ يَٰلَيْتَهَا كَانَتِ ٱلْقَاضِيَةَ ﴿٢٧﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنِّي مَالِيَهْۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّي سُلْطَٰنِيَهْ ﴿٢٩﴾ ﴾ [الحاقة].،

واتە: بەڵام ئەوکەسەی کەکارنامەکەی ئەدرێتە دەستی چەپی-ئەوەش نیشانەی بەدبەختیە- جا دەڵێ ئای خۆزگا نامەکەمم پێ نەدراباو نەمزانیبا سەرەنجامی حیساب ولێپرسینەوەم چیە وخۆزگایا ئەومردنەم بڕابایەوە بەیەکجاری و، زیندووش نەکرامایەتەوە، دارایی وماڵەکەم هیچ کەڵکێکی پێ نەگەیاندم بۆئەم ڕۆژەم ئەو موڵك ودەسەڵاتەی بووم لەدەس چوو.

هەربۆیە پاداشت لەڕەگەزی کردەوەیەو بەگوێرەی کاروکردەوەی خۆیان پاداشت دەدرێنەوە، خواپەنا بدات پێیان دەوترێت ﴿ خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ ﴿٣١﴾ ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ ﴿٣٢﴾ إِنَّهُ كَانَ لَا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ ﴿٣٣﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ الْمِسْكِينِ ﴿٣٤﴾ فَلَيْسَ لَهُ الْيَوْمَ هَاهُنَا حَمِيمٌ ﴿٣٥﴾ وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ ﴿٣٦﴾ لَا يَأْكُلُهُ إِلَّا الْخَاطِئُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾ [الحاقة].

واتە:

بیگرن وکەلەپچەی بکەن (واتە: کۆت وزنجیر لەدەس وقاچ و ملی بئاڵێنن) پاشان بیخەنە ناو ئاگری دۆزەخ، ئینجا بیخەنە ناو زنجیرێکی حەفتا گەزیەوە جەڕی بدەن، بۆئەوەی زیاتر ڕیسوابێت، ئەگینا خۆ تەنها ئاگرەکەی بەسە، ئای ئەو ڕۆژە چەندە ڕۆژێکی گران وناڕەحەتە، وەرە لەناو ئاگریشدا هێمان بەو شێوەیە زنجیربکرێیت! چونکە لەدونیادا بڕوای بەخوا نەبوو کەئەمەش گەورەترین ستەمە، بۆیە هەردەبێ ئاوا سەرشۆڕو ڕیسوابکرێ وە هانی خەڵکی نەدەدا لەسەر خواردن دان بەهەژاران، جا ئەمڕۆش لێرە-قیامەت- هیچ دۆستێکی بۆ نییە تا تکایەکی بۆ بکا و تۆزێ ئەو بارەیەی لێ سووك بکات، خواردن وخواردنەوەشی هەر کێو و زوخاوی داچۆڕاوی لاشەی دۆزەخیەکانە کە گوناهباران نەبێ کەسی دیکە لێی ناخوات.

کەوابوو ئەی خوێنەری بەڕێز ئێستا زانیت کێ براوەیە؟ گوێبگرە وسەرنجی ئەم ئایەتە بدە ﴿ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ ﴾ [آل عمران: ١٨٥].

واتە: ئینجا هەرکەسێ لەئاگر دوورخرایەوەو برایە بەهەشتەوە، بێ شك سەرفرازوو سەرکەوتوو دەبێ.

بردنەوە بە ڕزگاربوون وقوتاربوون لەئاگر ... بردنەوە بەچوونە بەهەشت لەگەڵ چاکەکاراندا ، چەند جیاوازیەکی گەورەیە لەنێوان بەهەشتیەکان ودۆزەخیەکان ، لەنێوان خۆشگوزەرانەکانداو ئەوانەی لەتاڵی وناسۆریدا دەمێننەوە ، لەنێوان ڕزگاربووان و تیاچووان ، لەنێوان سەرکەوتووان و دۆڕاوەکان ، ئەوانە لەبەهەشت بەوپەڕی ئاسوودەییەوە دەخۆن ودەخۆنەوە، یاری وسوعبەتی وگاڵتەدەکەن ... وچێژوەردەگرن وڕادەبوێرن لەهەموو خۆشیەکان ... کەچی لەولاشەوە ئەوانی تر- خواپەنامان بدات- سزادەدرێن و لێیان دەدرێت ... هاواردەکەن ودەنەڕێنن ... ئایا ئەو دوو گرۆیە وەکو یەکن؟ خوای باڵادەست دەفەرموێت:

﴿ لَا يَسْتَوِي أَصْحَابُ النَّارِ وَأَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمُ الْفَائِزُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾ [الحشر: ٢٠].

واتە: هاوەڵانی دۆزەخ وهاوەڵانی بەهەشت یەکسان وبەرانبەرنین هەر هاوەڵانی بەهەشتن براوەکان.

**ئا / زانست**

## دڵت هۆگری چی یە ؟

ئەگەر بتەوێت هەرشتێك لە شوێنێك دابنێیت ، دەبێت دژەکەی لاببەیت ، ئەمە چۆن لە خودی مادەدا هەیە بە هەمان شێوەش لە بیروباوەڕدا هەیە .

هەرکاتیك دڵ پڕ بوو لە خۆشەویستی بیروباوەڕی پوچ ئەوە هیچ شوێنێك نامێنێت بۆ بیروباوەڕی ڕاستەقینە و خۆشەویستی خودا ، هەروەك چۆن زمانی مرۆڤێك بەردەوام قسەی بێ کەلك و بێ سوود بکات ئەوە چاوەڕێی قسەی بە سودی لێ ناکریت تاکو واز نەهێنێت لە قسەی بێ سوود ، هەروەها بەهان شێوە ئەگەر ئەندامەکانی مرۆڤ سەرقاڵ بن بە غەیری بەندایەتی خوای پەروەردگار ، ئەوە ناتوانن سەرقاڵی بەندایەتی کردنی خوا بن تاکو واز نەهێنن لە بەندایەتی کردنی جگە لە خوای پەروەردگار ، وە هەرکاتێك مرۆڤ دڵی سەرقاڵ بوو بە دروست کراوەکانی خوا و بە زانستی بێ سوود ، ئەوە هیچ شوێنێك نامێنێت بۆ سەرقاڵ بوون بەندایەتی خوا و ناسینی ناو ، و سیفاتی خوای پەروەردگار ، و شەرعی خوا ، چونکە گوێ گرتنی دڵ وەکو گوێ گرتنی گوێچکە وایە .

هەر کاتێ دڵ گوێ بگرێ بۆ غەیری فەرموودەی خوا ، ئەو کات هێزی گوێ گرتنی نامێنێت ، و سوود لە فەرموودەی خوا وەرناگریت ، هەرکاتێك دڵ یادی کەسێکی تر بکات جگە لە خوا ، ئەو کاتە ناتوانێت یادی خوای گەورە بکات پێغەمبەری خوا صلى الله عليه و سلم دەفەرمووێ ( لأن يمتلىء جوف أحدكم قيحا خير له من أن يمتلىء شعرا ) صحيح البخاري (٥/ ٢٢٧٩)

واتە :( ئەگەر دڵی هەر یەکێ لە ئێوە پڕ بێت لە کێم زوخاو باشترە لەوەی پڕ بێت لە شیعری پوچ و خراپ).

جا کاتێك دڵ پڕ بوو لە شتی خراپ و بێ کەڵك ئەو کات ئایەتەکانی قورئان و زاستی بە سوود دێت بۆ ئەوەی لە سەر ڕووی دڵی بنیشێتەوە ، بەڵام دەبینێت هیچ شوێنیك نەماوە بۆ نیشتنەوەی بۆیە ڕوودەکاتە لایەکی تر ، وە دڵی وەری ناگرێت .

چونکە بەشی قورئان ، و فەرموودە لەم جۆرە دڵانەدا جێگای نەماوە .

ئا. محمد عبدالله آلي

پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان _سلێمانی

قال يحيى بن معاذ – رحمه الله –

**الدنيا خَراب، وأخرَبُ منها قَلبُ مَن يَعمُرُهـا، والآخـرةُ دارُ عُمْـرَان، وأعْمَرُ منها قلبُ مَن يطلُبُها .**

(صفة الصفوة لابن جوزي)

**واتە :**

**دونیا وێرانەیە ، لەو وێرانەتر دڵی ئەو کەسەیە ئاوەدانی دەکاتەوە .**

**وە دواڕۆژیش ماڵی ئاوەدانیە ، لەو ئاوەدانتر دڵی ئەو کەسەیە کاری بۆ دەکات .**

# ئایا سورەتی (الفاتحة) بۆ زیندووە یان بۆ مردووە؟

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لانبي بعده.

له ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەبینین کە مشتو مڕێکی زۆرو قسەو باسی هەندێك لە خەڵکی لەسەر ئەوەیە کە ئایا خوێندنی سورەتی (الفاتحة) بۆ مردوو دەڕوات، یاخود نا؟ جا بۆیە دەبێت بڵێین: ئایا کە دروستە بۆ مردوو بخوێندرێت بەڵگە چیە؟ وە کە دروستیش نیە بەڵگە چیە؟ کەواتە دەمەوێت بە پشتیوانی خوای گەورە ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەو بابەتە بدەم بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە گوێ بیستی هەقنو دەیانەوێت خودا لە خۆیان ڕازی بکەن، بۆیە داواکارم بە دڵو بە گیان گوێ بگرینو شوێن ڕاستیەکان بکەوین.

**ڕونکردنەوەی یەکەم:**

ڕوونکردنەوەی یەکەمم لەسەر واتاو تەفسیری چەند ئایەتێکی سوڕەتەکەیە، دەبا بێین ئێمە ئەم چەند ئایەتە بخوێنینەوەو ڕوونکردنەوەیك بدەین لەسەر یەکە بەیەکەیان . إن شاء الله .:

ئایەتی پێنجەم:﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾

ئەی پەروەردگارمان، وەعدو پەیمانت پێ دەدەین بەوەی کە بە تەنها تۆ دەپەرستینو هاوبەشو شەریکت بۆ بڕیار نادەین، هەروەها وەعدو پەیمانت پێ دەدەین بەوەی کە بە تەنها داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین لە هەموو تەنگانەو ناخۆشیو ناڕەحەتییەکدا.

• ئێستا واتای ئەم ئایەتەمان خوێندەوە جا کە تۆزێك بەوردیەوە بیری لێبکەینەوە دەبینین سیفەتەکانی داواکردنی یارمەتیو پشتیوانی کردن تەنها بۆ کەسانی زیندووە، واتە: تەنها زیندوو تا لە دونیادایە دەتوانێت داوا لە خوا بکاتو لێی بپاڕێتەوە تا لێی خۆش بێت.

ئایەتی شەشەم:﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ﴾

خودایە هیدایەتمان بدەو ڕێنموویمان بکە بۆ سەر ڕێگای ڕاستو دروستی ئیسلام.




• هەروەها لەم ئایەتەشدا کە ئێمە ڕۆژانە (١٧) جار داوا لە خوا دەکەین کە هیدایەتو ڕێنموویمان بکات بۆ ڕێگای ڕاست، بێگومان هیدایەتیش تەنها بۆ زیندووەو بۆ مردوو نیە، وە هەموو کەسێك تا ئەوکاتە هیدایەت دەدرێت کە لە ژیاندایەو زیندووە، مەگەر مردوو هیدایەت دەدرێت؟! بێگومان نەخێر...

ئایەتی حەوتەم:﴿صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلا الضَّالِّينَ﴾

ڕێگا و ڕێبازی ئەوانەی، کە نازو نیعمەتو فەزڵی خۆتت بەسەریاندا ڕژاندووە، وە داوات لێدەکەین کە نەمانخەیتە سەر ڕێگاو ڕێبازی ئەو کەسانەی کە غەزەبو خەشمی خۆتت بەسەریاندا ڕژاندووە، وەکو: (جولەکەکان)، وەهەروەها نەمانخەیتە سەر ڕێگاو ڕێبازی ئەو کەسانەی کە بە هۆی تاوان خراپەو

سەرکەشیانەوە گومڕاو سەرلێ شێواوت کردوونە، وەکو: (گاورەکان).

● ئەم ئایەتەش وەکو ئایەتەکانی سەرەوە داوای هیدایەتدران دەکات بۆ سەر ڕێگای ئەوانەی کە خوای گەورە نازو نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون(*)، وە پەناش دەگرێت لە ڕێگەو ڕێبازی ئەوانەی کە سەرگەردان‌و گومڕان، کە ئەوانەش گشتیان بۆ کەسانی زیندوون‌و تەنها کەسێکیش کە لە ژیاندایە دەچێتە سەر ڕێگە باش‌و خراپەکە.

ئێستا بۆمان دەرکەوت کە ئەم ئایەتانەی سەرەوە کە لە سوڕەتی (الفاتحة)دا هاتوون، سەرجەمیان پەیوەندیان بە ژیانی دونیاوە هەیە نەك ژیانی ناو گۆڕ، وە سەرجەمیان پاڕانەوەن بۆ ژیانی دونیا نەك بۆ ناو گۆڕو دوای گۆڕ.بۆیە خودی ئەم ئایەتانە دەیسەلمێنن کە سوڕەتی (الفاتحة) بۆ مردوو نیە" بەڵکو بۆ زیندووە، کەوابێت خوێندنی ئەم سوڕەتە لەسەر گۆڕو لە کاتی بۆنەو پرسەکان هیچ سودێك بە مردووەکە ناگەیەنێت‌و نابێتە هۆی لێخۆشبوونی تاوانەکانی کە لەوەیە هەیانبێت لە دونیا بڕوای بەو سوڕەتە هەر نەبووبێت، یاخود لە نوێژە فەڕزەکانیشدا نەیخوێندووەو نوێژیشی نەکردوە، ئێستاش فاتیحەیەکی دەقەبەڵ بکەن‌و کارتی چوونە بەهەشتی بدەنێ، شتی وانیە...

بگرە خوێنەرەکەی دەبێت ئەوەش بزانێت کە بەو کارەی تاوانباریش دەبێت" چونکە کارێکی بێ بنج‌و بنەوای کردوەو لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا بوونی نیە، لە کاتێکدا بۆمان نیە لە خۆمانەوە کارو کردەوە دابهێنین مەگەر ئەوەی خوای گەورە، وە پێغەمبەر . صەڵات‌و سەلامی خوای لەسەربێت . فەرمانیان پێیکردبێت..

**ڕوونکردنەوەی دووەم:**

سەرباری نەبوونی هیچ دەقێکی ڕاست‌و دروست لە قورئان‌و لە فەرموودەکانی پێغەمبەر . صلى الله عليه وآله وسلم . کە باس لە دروستی، یاخود سوننەت بوونی خوێندنی سوڕەتی (الفاتحة) بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە قورئان خۆی باسی کردوە . لە سوڕەتی یاسین . کە بۆ ئاگادارکردنەوەی زیندووانە، نەك مردووان،ئەمەش خۆی بەڵگەیەکی هەڵبڕو یەکلاکەرەوەیە لەسەر دروست نەبوونی خوێندنی سوڕەتی (الفاتحة) بۆ مردوو، وە هەر کەسێکیش بڵێت: نەخێر خێرە بخوێندرێت ئەوا ئەو کەسە شتێك دەڵێت: کە پێغەمبەری خوا . صلى الله عليه وآله وسلم . وهاوەڵانی . رضوان الله عليهم . نەیان فەرمووە!!

لێرەوە دەڵێم: ئەگەر هەر کەسێك بیەوێت تێبگات‌و ڕێگای ڕاستی دەوێت ئەوا ئەمەی بەسە . إن شاء الله . کە چیتر ئەم کارە نەکات.

بۆیە تکایە واز لەوە بهێنن‌و خۆتان بەدوور بگرن لە کردنی کردەوەی بێ بەڵگەو دروستکراو، هەروەها با بەس بێت‌و واز بهێنین لە شوێنکەوتنی کوێرانەو با چیتر نەوترێت: بۆ چەند ساڵە درووست بووەو ئێستا بۆ خوێندنی (الفاتحة) دروست نیە؟

وصلّى الله على نبيّنا محمّد، وعلى آله وصحْبه وسلّم.

ئادەم عوسمان/دەرچووی کۆمپیوتەر/پ.رانیه

(*) کە بریتین لە: لە: پێغەمبەران، و ڕاستگۆیان، و شەهیدان، و پیاو چاکان، ئای ئەمانە چ ڕەفیقێکی چاکن.

# پرسیار و وەڵامی شەرعی

**پ ١: هەندێك گەنج لەم سەردەمەدا كەمتەرخەمی و بایەخ و گوێنەدانیان بەفێرنەبوونی بیروباوەڕ لێ دەبینرێت، وەخۆیان بەشتانێکی لاوەکییەوە خەریکردوە، کەوابوو ئامۆژگاری بەڕێزتان چییە بۆ ئەو جۆرە کەسانە ؟**

**وەڵام :**

بسم الله الرحمن الرحيم

ئامۆژگاری گەنجان و جگە ئەوانیش لەموسوڵمانان دەکەم لەپێش هەموو شتێك بایەخ و گرنگی بەبیروباوەڕ بدەن چونکە بیروباوەڕ ئەو بنەمایەیە کە وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی هەموو کردەوەکانی لەسەر بنیات دەنرێت گەر هاتوو بیروباوەڕ ڕاستەقینە و دروست بوو، گونجاو بوو بەوەی پێغەمبەران سەلامی خوایان لەسەر بێت هێناویانە، بەتایبەت کۆتای پێغەمبەران محمد (صلی الله علیە وسلم) هەموو کردەوەکان قەبووڵ دەکرێن گەر هات و تەنها بەدڵسۆزی و بەپێی شەرعی خوابێت، بەڵام گەر هات و بیر باوەڕی مرۆڤی پوچەڵ یان گومڕا کە بنیات نرابێت لەسەر داب و نەریتی باب و باپیران یان شەخس پەرستی، ئەوە قەبوڵ ناکرێت و ڕەتدەکرێتەوە هەرچەندە دڵسۆزبێ ومەبەستی تەنها خوا بێت، چونکە خوای گەورە تەنها کردەوەیەك وەردەگرێت بەدڵسۆزی بۆ خوا کرابێ و پوخت بێت (لەسەر سوننەت بێت)، هەرکەس ئەیەوێت ڕزگار بێ و موسڵمانێکی ڕاستەقینە و کردەوەکانی قەبوڵ بێ، پێویستە بایەخ بە بیرو باوەڕی ڕاستەقینەو دژەکان و نەساز و کەمکەرەوەکانی بدات بۆ ئەوەی کردەوەکانی لەسەر بنیات بنێت ئەمەش تەنها بەفێربونی ئەو بیرو باوەڕە دەبێت لای زانایانی چاوڕۆشن و خاوەن زانست دەبێت ئەو زانایانەی ئەم بیرو باوەڕەیان لەسەلەفی ئەم ئوممەتەوە وەرگرتوە خوای گەورە بە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێت:﴿ فَاعْلَمْ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾(محمد:١٩).

ئیمامی بوخاری ڕەحمەتی خوای لێ بێ سەرباسێکی داناوە بەناوی (العلم قبل القول والعمل) لێرە ئەم ئایەتە پیرۆزەی هێناوە﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ﴾ (محمد:١٩)

ئەبینیت خوای گەورە یەکەمجار فەرمان بەزانستی شەرعی دەکات پێش وتەو کردەوە، خوای گەورە دەفەرموێت :﴿وَالْعَصْرِ (١) إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾خوای گەورە سەلامەت بوونی لەو زیانە بەستوەتەوە بەچوار مەسەلەوە:

**یەکەم**: ئیمان، واتە: بیر و باوەڕی ڕاستەقینە.

**دووەم**: کردەوەی چاك و وتەی چاك، کردەوەو وتەی چاکی (عطف) کردووە بەسەر ئیماندا ئەمەش لەجۆری (عطف الخاص علی العام) چونکە کردەوە لەئیمانە کەوابوو (عطف) کردنی بۆ بایەخدانە بەکردەوە.

**سێیەم**: (وتواصوا بالحق) واتە: بانگەواز دەکەن بۆ خوا و فەرمان بەچاکە دەکەن و قەدەغەی خراپە دەکەن دوای ئەوەی کەبایەخیان بەخۆیاندا و ڕێگای ڕاستیان ناسی، بانگی خەڵکیشیان کرد بۆ ئەو مەبەستە چونکو موسڵمان فەرمانی پێکراوە بانگەوازی خەڵك بکات بۆلای خوای گەورە و فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە بکات.

**چوارەم**: (وتواصوا بالصبر)، واتە: ئارامگرتن لەسەر

ئەوماندووبوون و ناڕەحەتییانەی لەوڕێگایەدا توشیان دەبێت، موسڵمان خۆشبەخت و کامەران نابێت تائەو چوار مەسەلەیە لەخۆیدا جێ بەجێ نەکات، بەڵام گرنگی دان بە ڕۆشنبیری گشتی و بابەتی ڕۆژنامەگەری و وتەی خەڵك و ئەوەی لەجیهاندا ڕودەدات ئەمانە دوای جێ بە جێ کردنی یەکخواپەرستی و جێ بەجێ کردنی عەقیدە دەیان نوێنێتی بەمەبەستی ناسینەوەی خێر لەشەڕ و وریابوون لەوەی ڕوودەدات لەخراپە وپڕوپاگەندە بەڵام ئەمە دوای ئەوە دەبێت کە خۆی بەئیمان بەخوای گەورە و ئیمان بەپێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و خۆ ڕازاندنەوە بەزانستی شەرعی، بەڵام ئەگەر بچێتە ناو بوارەکانی ڕۆشنبیری و کاری ڕۆژنامەگەری و سیاسەتەوە بەبێ زانستی شەرعی بە ئایین وعەقیدەکەی ئەم جۆرەکەسانە هیچ سودێك نابینن بەڵکو خەریك دەبن بەشتێکی بێ کەڵکەوە و ناتوانێت ڕاستیی و باتڵ لەیەك جیا بکاتەوە، زۆر لەوانەی نەفامن بەم عەقیدەیە و بایەخیان بەم شتە لاوەکییانە داوە گومڕابوون و خەڵکیشیان گومڕا و سەرلێشێواو کردووە بەهۆی ئەوەی چاوڕۆشنی و زانستی شەرعییان نییە تا بتوانن چاك و خراپ لێك جیابکەنەوە و چۆن چارەسەری کێشەکان دەکرێت، بۆیە کەلێن و ناتەواوی و نەزانین لای زۆربەی خەڵك دروست دەبێت چونکە بەبێ ئەوەی شارەزاییان هەبێت بە عەقیدەکەیان و چاوڕۆشن بن دەستییان وەرداوەتە بوارەکانی ڕۆشنبیری و بوارەکانی سیاسەت، بۆیە دوا ئەنجام ڕاستی بەباتڵ و ناڕەوا دەزانن و باتڵیش بەهەق و ڕاستی.

**وەڵامی شێخ ( صالح بن فوزان الفوزان ) وەرگێڕانی مامۆستا خلیل أحمد کەلاری**

**پ ٢/ ئەگەر بێزار بیت ئەتوانێ دوعای مردن لە خوێت بکەی؟ وەمن لەوەتەی تەوبەم کردووە بیرکردنەوە زۆر زۆر بێزاری کردووم چ دوعایەك باشە بیکەم بۆ ئەوەی لەو بیرکردنەوەیە نەجاتم بێت؟**

**وەڵام :** بسم الله الرحمن الرحیم

مرۆڤی موسڵمان دەبێ لە ژیان بێزار نەبێت و ئارامی هەبێت لەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی دونیا بۆ ئەم مەسەلەیەش دەبێ یەکەم مەفهومی ژیانی دونیا تێبگات کە بریتی یە لە تاقیکردنەوە بە خۆشی و ناخۆشی جا دوای ئەم تێگەشتنە پێویستە مرۆڤی موسڵمان هەڵوێستی ئیجابی هەبێت و بەچەواشە لە دونیا نەگات ، و وابزانێت ئەم ژیانەی دونیا هەتا هەتاییە و خۆی بۆ بکوژێت نا ، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ ژیانی ڕاستەقینە لە قیامەت بە کورتی هەموو ئەو پێداویستیانە و کەرەستانەی کە لە دونیادا لەبەردەستماندان هەموو بۆ ئەوەیە ژیانمان بەڕێوە بچێت تا بتوانین بەندایەتی بۆ خوای گەورە ئەنجام بدەین جا بەو هەڵوێستە ئیجابیە و خۆ پشت قایم کردن بە یادی خوای گەورە ئەوانە دەرەوێتەوە ، ئەگەر مرۆڤ بێزار بوو وا چاکترە پەنا بباتە بەر نوێژ کردن و دوعا کردن ، بەڵام دوعای مردن دروست نیە ، ئەگەر هەر دوعای کرد وا چاکترە بڵێت ئەگەر مردن باشە بۆم لە ژیان ئەوا بممرێنە .

بەشی دووەمی پرسیارەکە کە باس لە بیرکردنەوە دەکات بەڵێ ڕاستە ئەگەر مرۆڤ کەسێکی ناموسڵمان یان کەسێك بوو پابەند نەبوو بە ڕێنماییەکانی ئیسلامەوە پاشان تەوبەی کرد ئەوە تاماوەیەك نەفس و شەیتان کاتی ڕابردووی وەبیر دەهێننەوە یان ختورەی خراپی پێ دەڵێن ، جا پێوستە لەم کاتە موسڵمان ئارامی هەبێت ، و ئەوەش بزانێت ئەمە شتێکی کاتیەو با بەردەوام ئەم دوعایە بخوێنێت : (یا مقلب القلوب ثبت قلبي علی دینك) یان بڵێت : (اللَّهُمَّ اهْدِنِي لأَحْسَنِ الأَعْمَالِ والأَخْلاَقِ ؛ لاَ يَهْدِي لأَحْسَنِهَا إِلاَّ أَنْتَ ، وَقِنِي سَيِّئَ الأَعْمَالِ وَسَيِّئَ الأَخْلاَقِ ؛ لاَ يَقِي سَيِّئَهَا إِلاَّ أَنْتَ)وە زۆر داوا لە خوای گەورە بکە إن شاء الله دوای ماوەیەك ئەو شتانە هەموو باردەکەن و شتی چاك جێگەیان دەگرێتەوە .

بەڕێز: مامۆستا خلیل أحمد کەلاری وەڵامی داوەتەوە

## درر من أقوال السلف في طلب العلم

### ١– العِلْمُ النَّافِعُ:

قَالَ الذَّهَبِيُّ . رَحِمَهُ اللهُ تعالى . :

"تَدْرِي مَا العِلْمُ النَّافِعُ؟ هوَ ما نزلَ بِهِ القُرآن، وَفَسَّرَه الرَّسُولُ صلّى الله عليه وآلِهِ وَسَلّم قَوْلاً وَعَمَلاً، وَلَمْ يأتِ نَهْيٌ عنْهُ، قَالَ عَلَيْهِ السَّلام »مَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فلَيْس مِنِّي« فَعَلَيْكَ يَا أخِي بتدَبُّرِ كِتَابَ اللهِ وبإدْمَانِ النَّظَرِ فِي الصَّحِيحَين وَسُنَنِ النَّسَائي، وَرِياضِ النَّواوِي وأذْكَارِهِ، تُفلِحُ وَتَنْجح، وَإيَّاكَ وَآرَاءَ الفلاسِفَةِ وَوَظائِفَ أهلِ الرِّياضات، وجُوعَ الرُّهبَانِ وخِطاب طَيْشِ رُؤُوسِ أصْحابِ الخَلَوَاتِ فَكلُّ الخَيْرِ فِي مُتابَعَةِ الحَنِيفيَّة السَّمْحَة. فواغَوْثاهُ باللهِ، اللهُمّ اهْدِنا إلىَ صِراطِكَ المسْتَقِيم " (سير أعلام النبلاء، للذهبي : ٤٣٠/١٩)

### ٢– الإِخْلاَصُ فِي طَلَبِ العِلْمِ:

قال ابن جماعة رحمه الله:

"هو حُسْنُ النِّيَّةِ فِي طَلَبِ العِلْمِ بِأَنْ يَقْصِدَ بِهِ وَجْهَ اللهِ تَعَالَى، وَالعَمَلَ بِهِ، وَإحْيَاءَ الشَّرِيعَةِ، وَتَنْوِيرَ قَلْبِهِ، وَتَجْلِيَةَ بَاطِنِهِ، وَالقُرْبَ مِنَ اللهِ تَعَالَى يَوْمَ القِيامَةِ،وَالتَّعرُّض لِمَا أعدَّ لأَهْلِهِ مِنْ رِضْوَانِهِ وَعَظِيمِ فَضْلِهِ"( تذكرة السّامع والمتكلّم، للكناني : ٦٩ — ٧٠ )

### ٣– ثمرات الإخلاص في طلب العلم :

قال إبراهيم بن أدهم رحمه الله :

"مَنْ طَلَبَ العِلْمَ خَالِصًا، يَنْفعُ بِهِ عِبَادَ اللهِ، وَيَنْفَعُ نَفْسَهُ؛ كَانَ الخُمُولُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنَ التَّطَاوُلِ، فَذَلِكَ الذِي يَزْدَادُ فِي نَفْسِهِ ذُلاًّ، وَفِي العِبَادَةِ اجْتِهَادًا، وَمِنَ اللهِ خَوْفًا، وَإِلَيْهِ اشْتِيَاقًا، وَفِي النَّاسِ تَوَاضُعًا، لاَ يُبَالِي عَلىَ مَا أَمْسَى وَأَصْبَحَ مِنْ هَذِهِ الدُّنْيا "

( شعب الإيمان، للبيهقي: ٢٨٨/٢)

### ٤– الحِرْصُ عَلَى العِلْمِ:

قَالَ أبُو الوَفَاءِ بنُ عَقِيل :

"عَصَمَنِي اللهُ فِي شَبَابِي بِأنواعٍ مِنَ العِصْمَةِ وَقَصرَ مَحَبَّتِي عَلَى العِلْمِ وَمَا خَالَطْتُ لَعَّاباً قَطُّ، ولا عَاشَرْتُ إلاّ أمْثَالِي مِنْ طَلَبَةِ العِلْمِ وَأنَا فِي عَشْرِ الثَّمانين أَجِدُ الحِرْصَ عَلَى العِلْمِ أَشَدّ مِمّا كُنْتُ أَجِدُهُ ابْنَ العِشْرِين" (سير أعلام النبلاء، للذهبي:٤٤٦/١٨)

### ٥– خصال العالم:

قال أبو حازم رحمه الله:

"لاَ تكون عَالما حتَّى تكُونَ فيكَ ثلاث خِصالٍ: لاَ تبغِي عَلىَ مَنْ فوقكَ، وَلاَ تحقِرْ مَنْ دُونكَ، وَلاَ تأخذْ عَلىَ عِلْمِكَ دُنْيَا"

( شعب الإيمان، للبيهقي: ٢٨٨/٢)

### ٦– عِظَمُ خَطَرِ تَنَقُّصِ العُلَمَاء:

قَالَ الإِمَامُ الحَافِظُ أَبُو القَاسِمِ بنُ عَسَاكِر– رَحِمَهُ اللهُ تعالى :- "اِعْلَمْ يَا أخِي وَفَّقَنِي اللهُ وَإِيَّاكَ لِمَرْضَاتِهِ وَجَعَلَنَا مِمَّنْ يَخْشَاهُ وَيَتَّقِيهِ، أَنَّ لُحُومَ العُلَمَاءِ مَسْمُومة، وَعَادَةُ اللهِ فِي هَتْكِ أَسْتَار مُنْتَقِصِهِمْ مَعْلُومَة وَأَنَّ مَنْ أَطْلَقَ لِسَانَهُ فِي العُلَمَاءِ بِالثَّلْبِ بَلاَهُ اللهُ قبلَ مَوْتِهِ بِمَوْتِ القَلْبِ[ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ]

(النور : ٦٣).( المجموع، للنووي: ٥٨٩/١)

### ٧– العِلْمُ يُوجِبُ العَمَلَ:

عَنْ عليٍّ رضِي اللهُ عنهُ قال:

"يَا حَمَلَةَ العِلْمِ اِعْمَلُوا بِهِ فَإِنَّمَا العالم من عَمِلَ بِمَا عَلِمَ فَوَافَقَ عَمَلُهُ عِلْمَهُ سَيُكُونُ أَقْوَامٌ يَحْمِلُونَ العِلْمَ لاَ يُجَاوِزُ تَرَاقِيهِمْ يُخَالِفُ عِلْمُهُمْ عَمَلَهُمْ، وَتُخَالِفُ سَرِيرَتُهُمْ عَلانِيَتَهُمْ يَجْلِسُونَ حِلَقًا حِلَقًا فَيُبَاهِي بَعْضُهُمْ بَعْضَا حَتَّى إِنّ الرَّجُلَ لَيَغْضَبُ عَلَى جَلِيسِهِ إذا جَلَسَ إِلَى غَيْرِهِ ويدَعهُ أولئكَ لاَ تَصْعدُ أعمالُهُم فِي مَجالِسِهِم إلى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ " (مجموعة رسائل الحافظ ابن رجب :٨٥)

### ٨– شَرْطُ الاِنْتِفَاعِ بِالعِلْمِ:

قَالَ الإِمَامُ الذَّهَبِي – رَحِمَه الله تعالى:-

"وَإِنَّما شَأْنُ المحدِّث اليَوْمَ الاِعْتناءُ بالدَّواوِينِ السِّتة، وَمُسنَدِ أحمد بنِ حنبل وسننِ البيهقي، وضبطِ متُونِها وأسانيدِها، ثمَّ لا ينتفعُ بذلكَ حتَّى يتَّقِيَ رَبَّهُ، ويدين بالحديثِ، فعلى علمِ الحديثِ وعلمائِهِ لِيَبْكِ مَنْ كانَ باكياً، فقدْ عادَ الإسلامُ المحْضُ غريباً كما بدأَ، فَلْيَسْعَ امرُؤ في فكاكِ رقبَتِهِ مِنَ النَّار، فلا حولَ و لا قُوَّة إلاَّ باللهِ . ثمَّ العلمُ ليس هو بكثرةِ الرِّواية، وَلَكِنَّهُ نُورٌ يقذِفُهُ اللهُ فِي القلبِ، وَشَرْطُهُ الاِتباعُ والفِرارُ مِنَ الهَوَى والابتداعِ، وَفَّقنَا اللهُ وإيَّاكُم لِطَاعَتِهِ " (سير أعلام النبلاء، للذهبي :٣١٣/١٣)

**شبكة الإمام الآجري**

www.ajurry.com